تطور العلاقات الإيرانية الإسرائيلية ١٩٦٣-١٩٧٣
**أ.م.د . مصطفى محمد كريم**
**قسم التارخ –كلية الاداب- جامعة صلاح الدين / أربيل**
mustafa.karem@su.edu.krd

**اسماعيل محمدسعيد كاكه**
**طالب دراسات عليا (ماجستير) – قسم التاريخ – كلية الآداب- جامعة صلاح الدين / أربيل**
Ismail.mohammed885@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: إيران، إسرائيل، العلاقات ، ساواک، الموساد، محمد رضا بهلوي.

**كيفية اقتباس البحث**

كريم , مصطفى محمد , اسماعيل محمدسعيد كاكه , تطور العلاقات الإيرانية الإسرائيلية ١٩٦٣-١٩٧٣,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The Development of Iranian-Israeli Relations, 1963–1973

**Asst. Prof. Dr. Mustafa Muhammad karem**
Salahaddin University - Erbil / College of Arts - Department / History
Mustafa.karem@su.edu.krd

**Ismael Mohammed Saeed Kaka**
Master's Student- Salahaddin University - Erbil / College of Arts - Department / History
Ismail.mohammed885@gmail.com

**Keywords** : Iran, Israel, relations, Savak, Mossad, Mohammad Reza Pahlavi.

**How To Cite This Article**
Karem , Mustafa Muhammad , Ismael Mohammed Saeed Kaka , The Development of Iranian-Israeli Relations, 1963–1973 ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This study examines the strategic relations between Iran and Israel during the period from 1963 to 1973, which witnessed a distinctive phase of bilateral cooperation amid regional transformations, including the rise of Arab nationalist movements under Gamal Abdel Nasser and the increasing Soviet influence in the Middle East. This period is often regarded as the "Golden Age" of Iran-Israel relations, representing a unique model of strategic cooperation based on shared interests in addressing regional and international challenges.
The research adopts a historical-analytical methodology, utilizing both official and unofficial sources, as well as scholarly and historical

references, to understand the development of secret relations between the Savak and Mossad, alongside military, intelligence, and political cooperation between the two countries. The study also focuses on the impact of these relations on regional and international balances of power, the enhancement of mutual security for Iran and Israel, and the management of internal and external threats.

The findings indicate that the covert collaboration between intelligence agencies, along with military and political relations, significantly contributed to strengthening the strategic alliance, intensifying international cooperation, and understanding the dynamics of power in the Middle East during this era. This research provides a reference framework for scholars to comprehend the political, military, and economic factors influencing international relations and to develop analytical capabilities in the field of regional and global strategy.

The first topic discusses Iran-Israel relations from 1963 to the June 1967 war, while the second topic discusses Iran's attitude towards the Arab-Israeli conflict during 1967-1

Several different sources are relied upon in this study, most notably the two sources of Jassim Ibrahim al-Hayani entitled (Israeli Occupation in Iran and Its Impact on Iraqi National Security 1950-1967). (Iran-Israel Relations and Its Impact on the Iranian Occupation of the Third UAE 1967-1979) which the researcher has paid attention to throughout the study, because the author talks about Israeli interference in Iran and studies bilateral relations in detail Shmuel Saijaf's book entitled (The Iranian Triangle, Israeli-Iranian and American Secret Relations) that the researcher has paid great attention to this book, because the author has discussed in detail all the relations between the two sides.

## ملخص

تتناول هذه الدراسة العلاقات الاستراتيجية بين إيران وإسرائيل خلال الفترة الممتدة بين ١٩٦٣ و١٩٧٣، والتي شهدت مرحلة متميزة من التعاون الثنائي في سياق التحولات الإقليمية، بما في ذلك تصاعد النزعات القومية العربية في عهد جمال عبد الناصر وتزايد النفوذ السوفيتي في الشرق الأوسط. ويُنظر إلى هذه الفترة على أنها "العصر الذهبي" للعلاقات الإيرانية-الإسرائيلية، حيث شكلت نموذجًا فريدًا للتعاون الاستراتيجي القائم على مصالح مشتركة في مواجهة التحديات الإقليمية والدولية.

يعتمد البحث على منهجية تاريخية-تحليلية، مستعينًا بالمصادر الرسمية وغير الرسمية، والمراجع العلمية والتاريخية، لفهم تطور العلاقات السرية بين جهاز ساواك والموساد، وكذلك التعاون العسكري والاستخباراتي والسياسي بين البلدين، كما يركز البحث على كيفية تأثير هذه العلاقات على الموازين الإقليمية والدولية، وعلى تعزيز الأمن المشترك لكل من إيران وإسرائيل، ومواجهة التهديدات الداخلية والخارجية.

يخلص البحث إلى أن التعاون السري بين أجهزة الاستخبارات والعلاقات العسكرية والسياسية قد ساهم بشكل جوهري في تعزيز التحالف الاستراتيجي، وتكثيف التعاون الدولي، وفهم ديناميكيات القوى في الشرق الأوسط خلال تلك الحقبة. كما يقدم هذا البحث إطارًا مرجعيًا للباحثين لفهم العوامل السياسية والعسكرية والاقتصادية المؤثرة على العلاقات الدولية، وتطوير قدراتهم التحليلية في مجال الاستراتيجية الإقليمية والدولية.

يتناول الموضوع الأول العلاقات الإيرانية الإسرائيلية من عام ١٩٦٣ إلى حرب يونيو ١٩٦٧، بينما يتناول الموضوع الثاني موقف إيران من الصراع العربي الإسرائيلي خلال الفترة ١٩٦٧-١٩٦٩. واعتمدت هذه الدراسة على مصادر متعددة، أبرزها كتابا جاسم إبراهيم الحياني بعنوان (الاحتلال الإسرائيلي في إيران وتأثيره على الأمن القومي العراقي ١٩٥٠-١٩٦٧) و(العلاقات الإيرانية الإسرائيلية وتأثيرها على الاحتلال الإيراني لدولة الإمارات العربية المتحدة الثالثة ١٩٦٧-١٩٧٩)، والذي أولى الباحث اهتمامًا خاصًا به، إذ يتناول المؤلف التدخل الإسرائيلي في إيران ويدرس العلاقات الثنائية بتفصيل. كما حظي كتاب شموئيل سيجاف بعنوان (المثلث الإيراني: العلاقات السرية الإسرائيلية الإيرانية والأمريكية) باهتمام بالغ، حيث تناول المؤلف بالتفصيل جميع جوانب العلاقات بين الجانبين.

## پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل ١٩٦٣- ١٩٧٣

**اسماعيل محمدسعيد كاكه**

قوتابی ماستەر/ بەشی مێژوو – کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

Ismail.mohammed885@gmail.com

**پ.ی.د. مصطفى محمد كريم**

بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

mustafa.karem@su.edu.krd

**پوخته:**

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٣ بۆ ١٩٧٣ شایەتحاڵی قۆناغێکی جیاوازی هاوکاری ئێران و ئیسرائیل بوو، لە چوارچێوەی گرژییە ناوچەییەکان کە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سەردەمی جەمال عەبدول ناسر و زیادبوونی هەژموونی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، ئەم هاوپەیمانییە کاتییە مۆدێلێکی ناوازەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهێنا.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل ١٩٦٣-١٩٧٣) هەوڵ دەدات تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ستراتیژی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ماوەی ١٩٦٣–١٩٧٣ بە شێوەی زانستی-شیکاری پێشکەش بکات، ئەم ماوەیە، کە بە "سەردەمی زێڕین" ناسراوە، تایبەتی زۆر هەبوو بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی، چەسپاندنی هاوکاری نێودەوڵەتی، و کاریگەری فاکتەرە سیاسی، سەربازی و ئابووری لەسەر بەرژەوەندی نێودەوڵەتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەبارەت بەرێبازی توێژینەوە (Research Methodology): توێژینەوەکە ڕێبازی مێژوویی-شیکاری لەخۆ دەگرێت؛ بەشێوەیەک سەرچاوە فەرمی و نهێنی، نووسراوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکان بە شیکاری زانستی لێکۆڵ دەکرێن، هەروەها چۆنیەتی گەشەکردنی پەیوەندی

نهێنی ساواک و مۆساد، هاوکاری سەربازی و هەواڵگری و بەکارهێنانی پەیوەندی سیاسی-ستراتیژی نیوانیان بە شێوەی شیکاری شەن وکەو دەکرێت.

توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە لەپەیوەندی ستراتیژیی نێوان ئێران و ئیسرائیل و کاریگەری ستراتیژیی لەسەر بەرژەوەندی نێودەوڵەتی، بەتایبەت پاراستنی هەردوو وڵات و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیە ناوخۆی و ناوچەییەکان، دیارە هاوکاری نهێنی ساواک و مۆساد و پەیوەندی سەربازی و هەواڵگری بە شێوەی گرنگ یارمەتیدا لە بەهێزکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی و چەسپاندنی هاوکاری نێودەوڵەتی.

ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی پەیوەندی ستراتیژی وکاریگەری فاکتەرە سیاسی-سەربازی-ئابووری، و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی دەخاتەڕوو، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت یارمەتیدەری توێژەران بێت بۆ پەرەپێدانی توانای شیکاری و ستراتیژی لە بواری پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

**کلیلی ووشە:** ئێران ، ئیسرائیل ، پەیوەندییەکان، ساواک، مۆساد، محەمەد ڕەزا پەهلەوی .

**پێشەکی:**

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٣-١٩٧٣)، یەکێکە لە گرنگترین و ئاڵۆزترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە "سەردەمی زێرین"ی هاوپەیمانیی نێوان تاران و تەلئەبیب دەناسرێت، ئەم هاوکارییە ستراتیژییە لە چوارچێوەی "دکتۆرینی دەوروبەر"دا و بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە هاوبەشەکانی وەک ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵی عەرەبی و هەژموونی سۆڤیەت چەسپێنرا، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی دووفاقەی محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١-١٩٧٩)، کە توانی هاوسەنگییەک لە نێوان گوتاری فەرمی و هاوکارییە نهێنییە هەواڵگرییەکانی نێوان (ساواک و مۆساد) دروست بکات، لێرەدا، نەوت وەک کۆڵەکەی ئابووری و تەکنەلۆژیای سەربازی وەک مەکینەی مۆدێرنکردنی سوپای ئێران دەردەکەون، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات لایەنە شاردراوەکانی ئەم پەیوەندییە و ئەو وەرچەرخانە سیاسییانە شی بکاتەوە کە لە سەرەتای حەفتاکاندا بەرەو ساردبوونەوە ئاراستەیان کردن.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو ماوە مێژووییە کە پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی قوڵ هەیە، لە لایەکی دیکەوە ئارەزووەکانی توێژەر لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئێران و ئیسرائیل لەم ماوەیەدا و زیندووی بابەتەکە و ڕەهەندەکانی ئەم پەیوەندییانە، ئەمەش هاندەرێکی دیکەی زانستی بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

گرنگی توێژینەوەکە، لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە کارێکی گرنگ و پڕبایەخ دادەنرێت لە توێژینەوە مێژووییەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری، و سەربازییانەی کە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە، سەرەڕای هێشتنەوەی پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوانیان، بەڵام ئەم پەیوەندییانە گەشە کردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە.

گرفتی توێژینەوەکە، لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەشە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، دووچاری چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین لەوانە دەسنەکەوتنی هەندێک سەرچاوە و بەڵگەنامەی پێویست بە زمانی فارسی و عیبری کە ڕەنگە تاکو ئێستا مابێتنەوە، جگە لەوەش کەمی کات و وەرگێڕانی سەرچاوەکانی لە زمانەکانی تر بۆ سەر زمانی کوردی.

ئامانج لەم توێژینەوەیە، شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندی ستراتیجی ئێران و ئیسرائیلە لەم ماوەیەدا و تێگەیشتن لەو هۆکارە سیاسی و ئابووری و سەربازی و هەواڵگری کە بەشداربوون لە بەهێزکردنی ئەم هاوکارییە.
لە ڕووی ڕێبازەوە ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی مێژوویی-شیکاریی دەگرێتەبەر، لە ڕێگەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان و ڕووداوە مەیدانییەکان و سیاسەتی فەرمی هەردوو لایەن، بە گرنگیدان بە کایەی سیاسی و ئابووری و سەربازی.
پێکهاتەی توێژینەوە، لە پوختە و پێشەکی و دوو باس و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە پەیوەندی ئێران نێوان ئیسرائیل لە ماوەی ١٩٦٣ تاکو شەڕی حوزەیران/ شەش ڕۆژە ١٩٦٧ کراوە، هەرچی تەوەری دووەمیشە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر کێشەی عەرەب-ئیسرائیل لە ماوەی ١٩٦٧-١٩٧٣دا.
پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاواز لەم توێژینەوەیەدا بەستراوە، لە پێش هەموو شیانەوە هەردوو سەرچاوەکەی جاسم إبراهيم الحياني بە ناونیشانەکانی (التغلغل الأسرائيلي في ايران وأثره في الأمن الوطني العراقي ١٩٥٠-١٩٦٧) و (خفايا علاقات ايران اسرائيل و اثرها في احتلال أيران للجزر الأماراتية الثلاث ١٩٦٧-١٩٧٩) کە لە تەواوی توێژینەوەکە توێژەر گرنگی پێداوە، چونکە نووسەر باس لە دەست تێوەردانی ئیسرائیل دەکات لە ئێران و بە وردی دیراسەی پەیوەندییەکانی هەر دوولا دەکات، جگە لەوەش گرنگی دراوە بە پەرتووکی شموئيل سيجف بە ناونیشانی (المثلث الإيراني، العلاقات السرية الاسرائيلية - الايرانية و الامريكية) کە توێژەر گرنگیەکی تەواوی بەم پەرتووکە داوە، چونکە نووسەر بە وردی باسی لە سەرجەم پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردوە.
سەبارەت بەگریمانەکانی توێژینەوە  چەند خاڵێک لەخۆ دەگرێت:
١- بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمنی و سیاسی فاکتەری سەرەکی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل بوو.
٢- کەرتی سەربازی و کشتوکاڵی ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە چەسپاندنی هاوپەیمانییەکە.
٣- گۆڕانکارییە خێراکانی هەرێمی و گۆڕانکاریی لەدەسەڵاتی ئێران لەڕووی هەرێمییەوە بووە هۆی دابەزینی پەیوەندییەکان لە دوای سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.
توێژینەوەکە دەریخستووە کە بەرژەوەندی هاوبەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و سنووردارکردنی کاریگەریی سۆڤیەت، هاوکاری لە چوارچێوەی "بنەمای پەراوێزدا" بەهێزتر دەکات. هەروەها دووفاقی سیاسەتەکانی محەمەد ڕەزا شای ئاشکرا کرد، چونکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا داوای کشانەوەی ئیسرائیلی لە ناوچە داگیرکراوەکان کرد و هاوکات پاڵپشتی شۆڕشی کوردی لە عێراق کرد، ئاڵوگۆڕی نەوتی ئێران بە تەکنۆلۆژیای سەربازی و کشتوکاڵی ئیسرائیل بەشدار بوو لە بەهێزکردنی هاوپەیمانییەکە، هاوکات پەیوەندییە سەربازی و هەواڵگرییەکان شاهیدی هاوکاری نزیکی نێوان ساواک و مۆساد بوون.
دەرەنجامە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ڕەچاوکردنی ڕیالیزمی سیاسی پەیوەندییەکی پراگماتیکی بەهێزی لەو قۆناغەدا پەروەردە کردووە، بەڵام گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و سەرهەڵدانی ڕۆڵی ناوچەیی ئێران لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە هۆی دابەزینی ئەم هاوکارییە، کە ڕەنگدانەوەی ناسکی هاوپەیمانییەکانە کە لەسەر بەرژەوەندییە کاتیەکان بنیات نراون.
پرسیاری توێژنەوەکە، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەمان خۆی دەنوێنێ لە:

- ئایا ئەم پاڵپشتیە سەربازی و هەواڵگیری و ئابورییانەی لە نێوان هەر دوولا هەبوو چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو لەسەر ئاستی پەرلەمان و ناوەخۆی و دەرەوەی ئەم وڵاتانە؟
- ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کێشەکانی نێوان عەرەب-ئیسرائیل و هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چیبوو؟

**١. پەیوەندی ئێران نێوان ئیسرائیل لە ماوەی ١٩٦٣ تاکو شەڕی حوزەیران/ شەش ڕۆژە ١٩٦٧.**

ئێران لە ساڵی ١٩٦٣دا، نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی خۆی لە تەل ئەبیب فراوانتر کرد و ژمارەی کارمەندانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کرد، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئەوەی کە لە لایەن ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاو بکرێتەوە، لە ئەنجامدا هەڵمەتێکی عەرەبی دژی ئێران پەرەی سەند هەروەها، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەمەی قۆستەوە بۆ ئەوەی ئیدانەی پەیوەندییەکانی شا لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بکات، دیارە لە سەرەتادا شای ئێران وازی لەم هەڵمەتە هێنا تا پەرە بسێنێت، لە لایەک محەمەد ڕەزا شا دەیویست بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا بسەلمێنێت کە ئێران لەلایەن ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە دەورە دراوە، بۆیە پێویستە ئەمریکا هاوکاری سەربازی زیاتری ئێران بکات، لە لایەکی تریشەوە ئەمە پاساوێکی تەواوی پێ دەدا بۆ ئەوەی پەیوەندییە ئەمنیی و هەواڵگرییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل قووڵتر بکاتەوە، چونکە هەردوولا عەرەبیان بە مەترسی دەزانی، کاتێک هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی دەستیان کرد بە کشاندنەوەی باڵوێزەکانیان لە تاران، محەمەد ڕەزا شا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بەست و تیایدا وتی **"دانپێدانان بە ئیسرائیل دا لەسەر بنەمای ئەمری واقیع (دی فاکتۆ) بوونی هەبووە، ئێمە نوێنەرایەتیمان لە ئیسرائیل هەبوو و بانگهێشتمان کردەوە تەنها بەهۆی ویستمان بۆ دەستگرتنەوە و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، مانای بانگهێشتکردنەوەی نوێنەرەکەمان کشاندنەوەی دانپێدانانمان بە ئیسرائیل نەبوو، ئەو نوێنەرە گەڕاوەتەوە بۆ ئیسرائیل و ئێستا لەوێیە بۆیە، وا دەبینم کە کاتەکە ئەوە دەخوازێت پەیوەندیمان لەگەڵ ئیسرائیل دەست پێ بکەینەوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاسایی ... پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا باشە و ئێران ڕێگا بە هیچ لایەنێکی دەرەکی نادەین دەستوەردان لەم پەیوەندییە دۆستانەیەدا بکات**[1].

لێدوانەکانی شای ئێران سەرەتایەک بوو بۆ گۆڕانکاری لە چوارچێوەی پەیوەندییەکان و ڕێگەی خۆشکرد بۆ دزەکردنی زیاتری ئیسرائیل لە ئێران و گواستنەوەی پەیوەندییەکان بۆ ئاسۆیەکی ئاشکرا و ڕوون، ئەمەش ئەوە بوو کە ئیسرائیل بە دیاریکراوی هەوڵی بۆ دەدا تاوەکو ئێران پاڵ پێوە بنێت بەرەو دژایەتیکردنی وڵاتانی عەرەبی؛ بە مەبەستی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران[2].

ئێرانییەکان لە سەرەتادا نهێنیی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل پاراست، بەڵام لە کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا، دوودڵ نەبوون لە ڕاگەیاندنی ئەم پەیوەندییانە، چونکە شای ئێران لەم سەروبەندەدا پرۆژەی شۆڕشی سپی ڕاگەیاند، هەر بۆیە شا پێویستییەکی زۆری بە شارەزایی تەکنیکی، کشتوکاڵی و سەربازی هەبوو بۆ سەرخستنی ئەم چاکسازییانە، ئیسرائیل باشترین نموونە و هاوکار بوو بۆ ئەم مەبەستە، سەرۆک ئەرکانی سوپای ئیسرائیل لەو کاتەدا، جەنەراڵ (تسوور ساگی Tsuri Sagi / ١٩٣٤- ؟)، و ئاشێر بن ناتان بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

بەرگری (١٩٥٩-١٩٦٥)، لە کاتی گەڕانەوەیان لە گەشتێکی ڕۆژهەڵاتی دوور لە تاران وەستان و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵ جەنەڕاڵ عەبدولحسێن حێجازی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران (١٩٦١-١٩٦٦) و بەرپرسانی پیشەسازی سەربازی ئێران وتووێژیان ئەنجامدا، هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو کۆبوونەوەیان لەگەڵ محەمەد ڕەزا شا ئەنجامدا، تێیدا باسیان لە دەستوەردانی میسر لە یەمەن و دابەزینی پێگەی عەبدولناسر لە جیهانی عەرەبیدا کرد، لە هەمان کاتیشدا شای ئێران داوای لە جەنەڕاڵ تسور کرد کە بە بێن گۆریۆن بڵێت چەندە گرنگە ڕۆژنامەگەریی ئەمریکی لە هێرشکردنە سەری بوەستێت، بە هۆی ترسی شا لەوەی ئەم هێرشانە ببنە هۆی لاوازکردنی پێگەی لە ناوخۆ و هاندانی نەیارەکانی و داوای یارمەتی ئیسرائیلی کرد لەم بابەتەدا، ، بۆیە یارمەتی ئیسرائیل لەم ڕووەوە بە خزمەتێکی گەورە دەبینێت[٣].

سەربارى نزیکبوونەوەی ئاستی سیاسی و هەواڵگیری لەو ماوەیەدا، بەڵام ئیسرائیلیەکان لە زۆربەی کایەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەریان دەگێڕا، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، بە جۆرێک دەستیان بۆ هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابووری بردبوو و هیچ بوارێکیان پشتگوێ نەخستبوو، بەتایبەت لە ماوەی حوکمڕانی محەمەد ڕەزا شا، کە تێیدا بارودۆخی ئابووری بەهۆی زیادبوونی زۆری داهاتی نەوتەوە سەقامگیر بوو چالاکییە ئابوورییەکانی جوولەکەکان گەشەیەکی بێوێنەی بەخۆوە بینی[٤].

سەبارەت بە ئاماری ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات، ڕۆژنامەی "یەدیعۆت ئەحرۆنۆت" لە ساڵی ١٩٦٣دا بڵاویکردەوە کە ئیسرائیل ساڵانە بە بەهای نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلار کاڵا بۆ ئێران هەناردە دەکات، لە کاتێکدا ئێران هیچ شتێک بۆ ئیسرائیل هەناردە ناکات[٥].

ئێران بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر کڕیارێکی سەرەکی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئیسرائیل بوو، چونکە ئیسرائیل چەندین جۆری پیشەسازی و بەرهەمی ئیسرائیلی بۆ هەناردە دەکرد، هەروەها شارەزایانی ئیسرائیلی یارمەتیدەر بوون لە پەرەپێدانی پیشەسازی دەستچن (ڕستن و چنین) و چیمەنتۆ لە ئێراند، پەیوەندی لە نێوان پەیمانگای وایزمن بۆ زانست و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ئێراندا دروست بوو، هەروەها لیژنەکانی وزەی هەردوو وڵات دەستیان بە هاوکاری کرد لە جێبەجێکردنی توێژینەوە ئەتۆمییەکان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پزیشکیدا[٦].

بەم شێوەیە، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل فراوانتر بوون؛ پەیوەندیی ئابووریی بەرفراوان دامەزرا، ئێران نەوتی پێویستی ئیسرائیلی دابین دەکرد، کاڵا ئیسرائیلییەکان قەبارەیەکی گەورەی بازاڕی ئێرانیان بۆ خۆیان تەرخان کرد، و هەردوو دەزگای هەواڵگریی ساواک و مۆساد هاوکارییەکی بەرفراوانیان پێکەوە دەست پێکرد[٧].

لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣دا، هاوکارییەکانی هەردوولا کەرتی سەربازیشی گرتەوە؛ لەو چوارچێوەیەدا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان هێزی ئاسمانی ئێران و یەکێک لە کارگەکانی فڕۆکەسازی ئیسرائیل واژۆ کرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، فڕۆکە ئێرانییەکان لە ئیسرائیل چاک دەکرانەوە[٨].

هەندێک لە ڕۆژنامە عەرەبیەکان لەوانە (ئەلئەهرام-میسر) و (ئەلحەیات- لوبنان) و ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکان لەوانە (داڤار) و (ها ئارێتز) باسیان لە بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی هاوکاریی تەکنیکی و ئابووری لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا کرد لە نیسانی ١٩٦٣دا، بەگوێرەی ئەم سەرچاوە هەواڵییانە، ئەو ڕێککەوتننامەیە هاوکاری لە بوارەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ و ئاودێری، و هەروەها پشتیوانیی ئیسرائیل بۆ ئێران لە بواری گەڕان بەدوای کانزاکاندا لەخۆ دەگرێت، جگە لەوەش، ڕێککەوتننامەکە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات بۆ بەڕێوەبردنی هۆتێلەکانی

ئێران و ڕێگە بە کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان دەدات کە بەشداری بکەن لە پرۆژەکانی ڕێگەوبان و دروستکردنی پرد و بەنداوەکاندا(٩).

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا، زنجیرەیەک پێشهات کە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و عەرەبیدا ڕوویاندا، لەوانە بۆ یەکەمجار جەمال عەبدولناسر داوای لە هەموو سەرۆک و پاشاکانی عەرەب کرد لە قاهیرە کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی ئیسرائیل بۆ گواستنەوەی ئاوی ڕووباری ئوردەن، لەم نوەندەشدا نابێت ڕۆڵی نێوەندگیری شا حسێن لە بیر بکرێت کە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان میسر و ئێران، بۆ شا زۆر ئەستەم بوو لەم کێشەیەدا لایەنگری ئیسرائیل بکات، بۆیە بڕیاریدا پەیوەندییە سەربازی و ئابوورییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بە نهێنی بهێڵێتەوە و لە ئاستی دیپلۆماسیدا جۆرێک لە ساردبوونی نیشاندا(١٠).

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و تەلئەبیب، شا پێشوازی لە نێردراوی تایبەتی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کرد و ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باسیان لە ساردیی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل دەکرد و ڕایگەیاند کە بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل یەکن، و ئێرانییەکان بە هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل دڵخۆشن و خوازیاری بەردەوامبوونی ئەو هاوکارییەن، بەڵام دەبێت ئیسرائیلییەکان بارودۆخی ناوخۆی ئێران لەبەرچاو بگرن، هەروەها ئەمریکییەکانیش زۆر مەیلیان بەلای دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسیی فەرمی لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا نییە، بۆ ئەوەی هەستی موسڵمانان دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا نەوروژێت، هەر کاتێک ئێران ئەم بابەتەی وروژاندبێت، ئەوان لە وەڵامدا وتوویانە کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە(١١).

لەسەر ئاستی ئابووری، لە ساڵی ١٩٦٤دا، چالاکییەکانی ئیسرائیل گەشەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، حکومەتی ئێران بەرنامەیەکی دانا بۆ پەرەپێدانی ناوچە کەناراوییەکانی ئەهواز بە هاوکاریی شارەزا کشتوکاڵییە ئیسرائیلییەکان، هەروەها ئیسرائیل ئەرکی دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی لە عەبادان گرتە ئەستۆ، کە ئەنجامدانی پرۆژەکەی لەگەڵ هەندێک کۆمپانیای ئێرانی پێ سپێردرا، کۆمپانیایەکی ئیسرائیلیش لە تاران بە ناوی (بارت ئەبنە) بۆ دروستکردنی کارگەی ڕستن و چنین دامەزرا، هەروەها، ڕێککەوتن لە نێوان ئێران و ئیسرائیل کرا سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە چاندنی لۆکە لە ئێران، کە شارەزا ئیسرائیلیەکان سەرپەرشتییان دەکرد و بانکێکی ئیسرائیلیش پارەی بۆ پرۆژەکان دابین دەکرد(١٢).

کردنەوەی دەرگاکانی ئێران بەڕووی چالاکییە ئابوورییەکانی ئیسرائیلدا، بووە هۆی گواستنەوەی کۆمپانیا ئیسرائیلیەکان بۆ ناو ئێران، کە توانییان لەو تەندەرانەدا (کێبڕکێی پرۆژەکان) سەرکەوتن بەدەستبهێنن کە بڕەکەیان بە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا دەخەمڵێندرا(١٣)، سەرکەوتنی ئیسرائیل لە بە دەستهێنانی ئەم تەندەرانە ئەوە دەردەخات کە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری دانەمەزرابوون، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی سیاسی بوون، چونکە شا پێی وابوو کە ئەگەر ئابووریی ئێران بە ئیسرائیلەوە ببەستێتەوە، ئەوا لۆبی جوولەکە لە ئەمریکا دەبێتە پارێزەری ئەو(١٤).

لە بواری کاری هەواڵگری سەربازیشدا، سەدان ئەفسەری پلە نزمی ئێران مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر دەستی ئیسرائیلییەکان وەرگرتووە، پیاوانی ساواکی ئێرانی مەشق و زانیارییەکانیان لە ناو دەوڵەتی ئیسرائیل وەرگرتووە، و ئاڵوگۆڕی شارەزایی لە نێوان ئەوان و دەزگای مۆسادی ئیسرائیلیدا لەسەر بەرزترین ئاستەکان ئەنجام دەدرا(١٥).

یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی هاوکاریی هەواڵگریی نێوان ئێران و ئیسرائیل، بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانە عەرەبییەکان و وێنەگرتنی نهێنیی، لەم بارەیەوە (پارە و ئافرەت) دوو ئامرازی باو بوون بۆ سوودوەرگرتن لە خاڵە لاوازەکانی عەرەبەکان، هەر بۆیە شا بە چاوی ئەمریکای بچووک سەیری ئیسرائیلی دەکرد[١٦]، ئەم پەرەسەندنە سەربازییانە هاوکات بوون لەگەڵ دەرچوونی (١٠٠) کارمەندی هەواڵگریی ئێرانی لە پەیمانگایەکی تایبەت بە سیخوڕی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم تیمە دوای گەڕانەوەیان، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکی هەواڵگری و لەژێر پەردەی بازرگانیدا، بە پاسپۆرتی ئێرانییەوە ڕەوانەی وڵاتانی عەرەبی کران[١٧].

ئامانجی بنەڕەتیی ئەم هاوپەیمانییە هەواڵگرییە، دروستکردنی قەڵغانێکی ئەمنی بوو بۆ چاودێریکردنی وردی هەر جۆرە چالاکییەکی جوداخوازانە و تێکدەرانە لە خوزستان، کە لە لایەن هەردوو دەزگای هەواڵگیری ئێران و ئیسرائیل چاودێری دەکرا کە وەک هەڕەشەیەکی هاوبەش هەژمار دەکران، ئەم جووڵانەوانە زۆربەیان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ڕێکدەخران[١٨].

مەودای پەیوەندی و هەماهەنگییەکانی نێوان هەردوو لا تەنیا لە ڕەهەندە ئابوری و سەربازی هەواڵگیریدا قەتیس نەکرابوو، بەڵکو کایە کولتووری، میدیایی و گەشتیارییەکانیشی دەگرتەوە، لەم چوارچێوەیەدا، کۆمەڵەیەک لە نێوان "ڕێکخراوی چاودێریی لاوان" لە ئێران و نوێنەرایەتیی "ئاژانسی جوولەکە" دروست بوو کە لە تاران چەندین کۆبوونەوە ئەنجام درا، بە ئامانجی گەڵاڵەکردنی پرۆگرامێکی گەشتیاریی تایبەت بۆ خوێندکاران و پەروەردەکارانی ئێرانی بۆ سەردانکردنی ئیسرائیل لە پشووەکانی هاویندا، وەک هاندەرێک بۆ ئەم پرۆسەیە، ئیسرائیل بەڵێنی تەرخانکردنی بەخشین و زەمالەی خوێندنی بە خوێندکارانی ئێرانی دابوو، هاوکات حکومەتی ئێران بۆنە نیشتمانییەکانی وەک جەژنی نەورۆزەوە بە دەرفەت دەزانی، هانی کەسایەتییە سیاسی و فەرمییەکانی وڵاتەکەی دەدا بۆ بەسەربردنی پشووەکانیان لە ئیسرائیل، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٤دا، ئیسرائیل هەڵمەتێکی فراوانی دیپلۆماسی و کولتووریی دەستپێکرد و زیاتر لە ٧٠٠ کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمیی بانگهێشت کرد بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانیان، لەم پرۆسەیەدا، نوێنەرایەتیی ئیسرائیل لە تاران و کۆمپانیای فرۆکەوانیی (ئەل عال) ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕێکخستن و گواستنەوەی شاندەکاندا هەبوو[١٩]، لەم کاتەشدا یەکەم گروپی گەشتیاری ئیسرائیل لە ڕێگەی دامەزراوەی "ئەشیل" بە هاوکاریی کۆمپانیای فرۆکەوانی ناوبراو گەیشتە تاران[٢٠].

لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن، ئیسرائیل لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامەکان و بانگهێشتکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ تەلئەبیب، میدیای ئێرانی خستبووە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆی لە بەکارهێنانی ژمارەیەک ڕۆژنامەی وەک (ئەندیشە) و (پەیغام ئەمرۆز)، هەروەها، گۆڤاری مانگانەی جوولەکە (ڕەمز تورەنی)، کە ڕۆڵی هەبوو لە ڕاکێشانی سەرنجی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسان بۆ لای هزری زایۆنیزمی، لە هەنگاوێکی دیپلۆماسیی گشتیدا، بانگهێشتی ٣٥ ڕۆژنامەنووسی دیاری ئێرانی کرد بۆ سەردانکردنی تەلئەبیب وەک میوانی فەرمی، هاوکات تەلەفزیۆنێکی تایبەتیشی لە ئابادان بۆ بڵاوکردنەوەی هزری زایۆنیزم بەکاردەهێنا[٢١].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٥، لە ئەنجامی باشبوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا، بووە هۆی کاریگەریی باشبوونی باری ئابووریی ئێران ئەمەش لەسەر جوولەکەکان ڕەنگدانەوەی هەبوو،

لەم کاتەشدا ژمارەیەک لە جولەکەکانی ئێران کە ژمارەیان ٢٧٨١ کەس کۆچیان کرد بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەمەش دەرخەری باشبوونی پێوەندییەکانە لەم کاتەدا[٢٢].

لە لایەکی دیکەوە بواری نەوتیدا، ئیسرائیل نزیکەی ٩٠٪ی ئەو نەوتە ئێرانییەی هاوردە دەکرد کە پێویستی بوو، کە لە ڕێگەی کەشتییە نەوت هەڵگرە ئێرانییەکانەوە دەگوازرایەوە، بەهای نەوتی هەناردەکراو بۆ ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٥دا گەیشتە نزیکەی ٥٠ ملیۆن دۆلار[٢٣].

لەسەر ئاستی بازرگانی، ساڵی ١٩٦٥ وێستگەیەکی گرنگ بوو بۆ ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئیسرائیل تا کار لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ ئێران بکەن، شایانی باسە پێش ئەم مێژووە، زۆربەی کاڵا ئیسرائیلییەکان لەژێر ناوی وڵاتانی سێیەمەوە (وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەورووپا) هەناردەی بازارەکانی ئێران دەکران، دەرەنجامی ئەم ستراتیژە نوێیە، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان گەشەی سەند و لەو ساڵەدا گەیشتە سەرووی (٤٣٠) هەزار تومەنی ئێرانی، کە هاوتایە بە نزیکەی (١٥،٦) ملیۆن دۆلار[٢٤].

جگە لەمانەش هەر لەو ساڵەدا هەماهەنگی هەواڵگری لە نێوان هەردوو وڵات پەلی کێشا بۆ دەرەوەی سنووری ئێران، لەم ڕووەوە ئیسرائیل لە دژی عیراق، لە ڕێگای بەرپرسانی ساواک هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ مەشقپێکردن و ناردنی پارە و چەک بۆ هێزەکانی کورد لە کوردستانی عێراق، دیارە هاوکارییەکانی ئێران ڕێگای خۆشکرد بۆ هاتنی لێشاوێکی بەردەوامی چەکی ئیسرائیل، جگە لەمانەش پێداویستی پزیشکی و ڕاهێنەران تا لە ئیسرائیلەوە لە ڕێگای ئێرانەوە بگەنە کوردستانی عێراق[٢٥].

لە نیسانی ١٩٦٥دا، سەرەڕای نارەزایەتیی عەباس ئارام (١٩٠٦-١٩٨٥) وەزیری دەرەوە، کە پێی وابوو کڕینی ئەم چەکە پەردە لەسەر پەیوەندی نێوان ئێران و ئیسرائیل لادەدات، ئەرتەشبد حەسەن تۆفانیان (١٩١٣-١٩٩٨) یاریدەدەری کڕینی چەک و تەقەمەنی لە وەزارەتی جەنگ، بە مەبەستی کڕینی ڕەشاشی عوزی بۆ هێزەکانی پۆلیس و گاردی شاهەنشاهی ڕەوانەی ئیسرائیل کرا بۆ جاری دووەم، ئەم چەکانە بۆ یەکەمجار لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، لە کاتی پێشوازیکردن لە پاشای عەرەبستانی سعوودی لە تاران، لە دەستی پاسەوانانی گاردی شاهەنشاهیدا بینران، گرێبەستی کڕینی "عوزی" بە یەکێک لە ناسراوترین مامەڵە سەربازییەکانی نێوان شا و ئیسرائیل دادەنرێت[٢٦].

ساڵێک دواتر پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکان پێینایە قۆناغێکی دیکە، بە شێوەیەک ئێران هەنگاوێکی دیکەی نا بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی پڕچەککردن گرێبەستێکی ٦ ملیۆن دۆلاریی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد، ئەم ڕێککەوتنە پرۆژەی گرنگی وەک نۆژەنکردنەوەی ٣٥ فڕۆکەی جەنگیی F-86 و دابینکردنی چەندین جۆر چەکی قورس، لەوانە تۆپی دژە تانکی ١٠٦ ملم و هاوەنی ١٢٠ ملم و ١٦٠ ملمی لەخۆدەگرت، ستراتیژیی ئێران لە هەڵبژاردنی ئەم چەکانەدا، ڕاستەوخۆ بەستراوەبوو بە هەڵسەنگاندنی توانای سەربازیی عێراق لەو سەردەمەدا، هەروەها، هاوکارییەکە تەنها چەکی جەنگی نەبوو، بەڵکو پێداویستی لۆجستی وەک ئامێری ڕادیۆی زرێپۆش و کەرەستەی چێشتخانەی مەیدانیشی دەگرتەوە[٢٧].

لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی ١٩٦٦دا، لێڤی ئەشکۆل (١٨٩٥-١٩٦٩) سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، لە کاتی گەڕانەوەی لە گەشتەکەی بۆ ئەفریقا، لە تاران نیشتەوە، لەو ماوەیەدا شا لە سەردانێکدا بوو بۆ مەغریب، و جەنەڕاڵ نیعمەتوڵڵا ناسیری (١٩١١-١٩٧٩)، جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆکی دەزگای ساواک، ئەشکۆل و دوو لە یاریدەدەرەکانی کە یەعقوب هێرزۆگ (١٩٢١-١٩٧٢) بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و عەدی یافێ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(١٩٢٣-١٩٧٠) سكرتێری سیاسی ئیسرائیل بوون، یاوەری کردن بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ عەباس هوەیدای سەرۆک وەزیرانی ئێران لە هۆڵی میوانداری لە فڕۆکەخانەی میهراباد، ئەمە یەکەم دیدار بوو لە نێوان هوەیدا و ئەشکۆلدا، لە میانی دیدارەکەدا کە دوو کاتژمێری خایاند، کۆی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و پێشهاتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان تاوتوێ کرد، سەرەڕای ئەوەی هوەیدا دیدار و وتووێژی لەگەڵ ئەشکۆل مەرجدار کردبوو بەوەی کە لە ڕۆژنامەکاندا باس نەکرێت، بەڵام ڕۆژنامەی هائاریتزی ئیسرائیلی پەردەی لەسەر ڕێککەوتنە نهێنییەکە لادا، بۆ ئەم مەبەستەش بەرپرسانی ئیسرائیل داوای لێبووردنیان کرد[٢٨].

سەرەڕای ئەوە، ئەشکۆل لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ هوەیدا لە تاران، چاوەڕوانی هەڵگیرسانی جەنگێکی خێرا لە نێوان ئیسرائیل و سووریای نەدەکرد، لەبەر ڕۆشنایی بەردەوامی دەستوەردانی عەبدولناسر لە یەمەن، و دژایەتیکردنی میسر بۆ ئەو هاوپەیمانییە ئیسلامییەی کە سعوودیە بانگەشەی بۆ دەکرد و ئوردن و ئێرانیش پشتگیریان دەکرد، ئەشکۆل و هوەیدا بڕیاریاندا بەردەوام بن لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە هەموو بوارەکاندا، بەڵام هوەیدا داوای لە ئەشکۆل کرد کە سەردانەکەی بۆ تاران بە نهێنی بهێڵێتەوە، ئەوەش بەهۆی ناسەقامگیرییەکان لە جیهانی عەرەبیدا[٢٩].

ئیسرائیل بۆ ئێران جگە لە هاوکارییە ڕاستەوخۆکان، تەنها فرۆشیاری چەک نەبوو، بەڵکو پارێزەرێکی بەهێزیش بوو لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٦٦دا، کاتێک ئەمریکا ئامادە نەبوو چەک بە ئێران بفرۆشێت، پرۆسەیەک دەستی پێکرد کە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی مێژوویی، ئەویش هاتنی شاندێکی سەربازیی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ پیتەرسۆن (١٩٦٤-١٩٦٦) بۆ ئێران بۆ ئەوەی بزانن سوپای ئێران چی پێویستە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، شاندەکە پێشنیاری کرد کە حکومەتی ئەمریکا فڕۆکەی جەنگیی زۆر پێشکەوتووی "فانتۆم" بدەن بە ئێران، ئەم هەواڵە بۆ شا زۆر دڵخۆشکەر بوو، چونکە فانتۆم توانایەکی یەکجار زیاتری هەبوو لەو فڕۆکە کۆنانەی کە ئێران ئەو کاتە خاوەنی بوو[٣٠]. بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە ئیسرائیل ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە لە ڕازیکردنی ئەمریکیەکان بۆ گرتنەبەری ئەو هەنگاوە.

لە ساڵی ١٩٦٦دا، لە کاتی نزیکبوونەوەی بەستنی کۆنگرەی لووتکەی وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقی لە جەزائیر و بانگهێشتنەکردنی ئیسرائیل بۆ ئەم کۆنگرەیە، (موردەخای گازیت-Mordechai Gazit/ ١٩٢٢-٢٠١٦) یەکێک لە بەرپرسانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، چوو بۆ دیداری باڵوێزی ئێران لە ئیسرائیل و پێی ڕاگەیاند: ئیسرائیل چاوەڕوانی ئەوە لە دۆستەکانی دەکات کارێک بکەن تاوەکو لەم کۆنگرەیەدا هیچ ئاماژەیەک بە ئیسرائیل نەدرێت، هاوشێوەی ئەوەی لە کۆنگرەی لووتکەی ئەفریقا لە "ئاکرا" ڕوویدا، و هەروەها بابەتی فەڵەستین نەخرێتە ناو کارنامەی کۆنگرەکەوە، هەروەها لە هەمان ساڵدا پشتگیری ئێرانیشی کرد بۆ بەدەستهێنانی یەکێک لە کورسییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار[٣١].

ئەم پەیوەندییە تەنیا لە ئاستی سیاسی و سەربازی نەمایەوە، بەڵکو ڕەهەندی ستراتیژی و وزەشی گرتەوە، ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٦دا بڕی ١٦،٥ ملیۆن دۆلاری لە هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بەدەستهێنا، هەروەها بڕی ٢٢،١ ملیۆن دۆلاری لە ساڵێکدا گەڕاندەوە بەهۆی جیاوازی نرخ لە نێوان هاوردەکردنی نەوت لە ڤەنزوێلا و ئێران، لە لایەکی ترەوە، دڵنیایی ئیسرائیل لە بەردەوامی لێشاوی نەوتی ئێران هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دروستکردنی هێڵی بۆری ئیلات - ئەشدۆد[٣٢].



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

هەر لەم ساڵەدا ئەم پەیوەندییانە گەیشتنە ئاستێکی باڵاتر؛ ڕۆژنامەی (هائارتس) لە مانگی ئایاری ئەو ساڵەدا بڵاویکردەوە کە دەیان پسپۆڕی ئیسرائیلی لەگەڵ خێزانەکانیان لە ئێران نیشتەجێن و لە بوارەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، ڕێگاوبان و بیناسازی کار دەکەن[٣٣].

ساڵی ١٩٦٦ بە سەرەتای وەرچەرخان لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوانیان هەژمار دەکرێت، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمدا، کۆی هاوردەی ئیسرائیل لە ئێرانەوە گەیشتە (٦٧٤) هەزار دۆلار، لە کاتێکدا هەناردەکردنی بۆ ئێران (٠٩،٤) ملیۆن دۆلار بووە، کۆی گشتی هاوردە لە ئێرانەوە لە هەمان ساڵدا گەیشتە (٣٤،١) ملیۆن دۆلار و هەناردەکردنیش (٦٣،٧) ملیۆن دۆلار بوو[٣٤].

هەرچەندە ناسر و سەرکردەکانی تری وڵاتانی عەرەبی تەنانەت ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەم پەیوەندییانەش بوون، و ڕێکخراوە عەرەبییەکان، لەوانەش ئەنجومەنی ئابووریی کۆمکاری عەرەبی، بڕیاریان دا کە بۆ ڕێگری لە گواستنەوەی نەوتی ئێران بۆ ئیسرائیل و بەردەوامیی پەیوەندییە بازرگانییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەربەست دروست بکەن، بەڵام نەوتی ئێران هەروا لە ناوەندە پیشەسازی و ناپیشەسازییەکانی ئیسرائیلدا بەکار دەهات و کاڵا ئیسرائیلییەکان لە فرۆشگاکانی ئێراندا نمایش دەکران[٣٥].

یەکێک لە بوارە سەرەکییەکانی پەیوەندیی نێوان ئێران و ئیسرائیل، هاوکارییە ئابوورییەکان و فرۆشتنی نەوتی خاوی ئێران بوو بەو دەوڵەتە، کە ئەمەش هەمیشە هەستیاریی وڵاتانی عەرەبی دەورووژاند، جگە لەوەش، ئێران لەو کاتەدا داواکاریی ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت بۆ ئیسرائیل ڕەتکردەوە، بە پاساوی ئەوەی کە کۆنترۆڵی بەسەر یەکێتیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتدا نییە، لە نیسانی ساڵی ١٩٦٧دا، کاتێک پەردە لەسەر پەیوەندییە نهێنییەکانی نەوتی نێوان هەردوولا لادرا، جەمال عەبدولناسر ئەم بابەتەی کردە بیانوو بۆ ڕەخنەگرتن لەو وڵاتە عەرەبییانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ ئێراندا هەبوو؛ لە ئەنجامی ئەم گرژییانەشدا، عەبدولناسر بەندەری عەقەبەی داخست بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە گەیشتنی نەوتی ئێران بە ئیسرائیل[٣٦].

دوای ئەوە، سیاسەتی شا بەرامبەر بە لایەنگران و پشتگیریکەرانی مافەکانی گەلی عەرەبی فەڵەستین لە نێو گەلی ئێراندا، ڕەنگدانەوەی پەرۆشی ئەو بوو بۆ بەردەوامی و مانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا؛ هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، سیاسەت و هەڵوێستەکانی بەپێی بەرژەوەندییەکانی حکومەتەکە دەیخواست بونیاد نا[٣٧].

لە ٥ی حوزەیران یاخود جەنگی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧، ئیسرائیل جەنگی دژی وڵاتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی میسر و سوریا، هەڵگیرساند، دیارە ئیسرائیل ئامادەکارییەکی تەواوی بۆ ئەم جەنگە کردبوو و پلانی بۆ دانابوو، و تەواوی وزە و تواناکانی خۆی بۆ خستبووە گەڕ، هێزەکانی ئیسرائیل توانییان وڵاتە عەرەبییە دراوسێکانی غافڵگیر بکەن، و نیمچە دوورگەی سینا لە ڕۆژئاوا و کەناری ڕۆژئاوا و شاری قودس لە ڕۆژهەڵات و بەرزاییەکانی جۆلان لە باکووری سوریا داگیر بکەن[٣٨].

هەواڵی شکستی ناسر بووە هۆی خۆشحاڵیی زۆرێک لە حکومەت و کەسایەتییەکان، کە شای ئێرانیش یەکێک بوو لەوان، ئەم هەواڵە ئەوەندە شادی و خۆشی لە دڵی شادا دروست کرد کە دەوترێت لە نێوان دەوروبەرەکەیدا سکەی زێڕی دابەش کردووە، بەڵام ئەم ڕکابەرە سەرسەختەی ناسر و پشتیوانەی ئیسرائیل، ناچار بوو خۆشحاڵییەکەی بشارێتەوە، لەبەر

ئەوە، دڵگرانیی خۆی بەرامبەر ئەو پێکدادان و کوشتارەی کە ڕوویدابوو دەربڕی و داوای چۆڵکردنی زەوییە داگیرکراوەکانی کرد[٣٩].

لەم سەروبەندەدا ئیسرائیل بایکۆتکرا لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند ئێران ببێتە گەورەترین سەرچاوەی دابینکردنی نەوتی ئیسرائیل، ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕێکی دوولایەنە بوو، بە جۆرێک ئێران نەوتی خاوی بە ئیسرائیل دەدا و لە بەرامبەردا کەلوپەل و چەکە سەربازییە مۆدێرنەکانی لێ دەکڕینەوە[٤٠].

حکومەتی ئێران لە کاتی هێرشەکەی ئیسرائیل دا بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی، ڕێگەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا کە ئێران وەک پردێکی ئاسمانی بەکاربهێنێت و ئاسمانی وڵاتەکەشی بکاتە مەیدانێکی تێپەڕبوون بۆ گواستنەوەی هاوکارییە سەربازییەکان لە ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە بۆ ئیسرائیل، ئەمەش بەهۆی نەبوونی هێڵێکی فڕینی ڕاستەوخۆ لەو کاتەدا لە نێوان ئەڵمانیا و ئیسرائیلدا، فڕۆکە ئەمریکییەکان لە فڕۆکەخانە جەنگییەکانی ئێران دەنیشتنەوە، لەوێدا ڕەنگەکانیان دەگۆڕدرا و (ئەستێرەی داود)ی نیشانەی هێزی ئاسمانی زایۆنییان لەسەر دەکێشرا، پاشان دەگوازرانەوە بۆ فڕۆکەخانە ئیسرائیلییەکان[٤١].

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هاوکاری زۆری شای ئێرانی کرد، بۆ ئەوەی لەسەر تەرزی ئیسرائیل، ئێران پێشبخات، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریدا شارەزایانی ئیسرائیلی بانگهێشتی وڵاتەکەی بکات، بۆ ئەوەی ئێران ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو وەک ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بە بڕوای محەمەد ڕەزا شا ئەو پێشکەوتنەی ئێران بە بێ ئیسرائیل بەدی نایات، هەر بۆیە چاوی لە ئیسرائیل بوو بۆ ئەوەی بتوانێت ئەویش هەنگاوی هاوشێوە بنێت[٤٢].

**٢. هەڵوێستی ئێران بەرامبەر کێشەی عەرەب-ئیسرائیل لە ماوەی ١٩٦٧-١٩٧٣**

هێرشی ئیسرائیل لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا، خاڵی وەرچەرخان و لووتکەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بوو دژی وڵاتانی عەرەب، ئیسرائیل لەم جەنگەدا ستراتیژی "گورزی پێشوەختە"ی گرتەبەر بە مەبەستی پەکخستنی تواناکانی وڵاتانی عەرەبی و سەپاندنی واقیعییەتی نوێ لە ناوچەکەدا، ئیسرائیل لەم هێرشەدا چەندین دەستکەوتی بەدەستهێنا، بەوەی بەشێکی زۆری لە خاکە عەرەبییەکانی لکاند بە خۆیەوە، تەواوی خاکی فەڵەستین، زۆربەی خاکەکانی نیمچەدوورگەی سینای میسر و بەشی هەرە زۆری بەرزاییەکانی جۆلانی سوریایان پێکدەهێنا، ئەم زەوییە بەرفراوانانە قووڵاییەکی ستراتیژییان بە ئیسرائیل بەخشی کە پێشتر لێی بێبەش بوو[٤٣].

هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل، لە نێوان هەڵوێستی حکومەتی ئێران و هەڵوێستی گەلانی ئێراندا جیاواز بوو؛ هەڵوێستی حکومەت بە نەرێنیبوون و لایەنگیری بۆ لای ئیسرائیل دەناسرایەوە، لە کاتێکدا گەلانی ئێران هاوسۆزییان بۆ عەرەبەکان هەبوو وەک لایەنێکی ستەملێکراو، کاتێک گۆڤاری هەفتانەی "فێردەوسی" لە پاڵ مافی عەرەب و دۆزی فەڵەستین وەستا و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی کە سەرکۆنەی داگیرکردنی خاکە عەرەبییەکانیان لەلایەن ئیسرائیلەوە دەکرد، دەسەڵاتدارانی ئێران لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٧ گۆڤارەکەیان لە وەشاندن ڕاگرت[٤٤].

هەر لەبەر ئەم هەڵوێستەی شا ئەردەشێر زاهیدی (١٩٢٨-٢٠٢١) کە یەکێک لە سیاسییە دڵسۆزەکانی شا بوو ئامۆژگاری کرد کە سیاسەتەکەی بەرامبەر بە ئیسرائیل بگۆڕێت و پێی وت: **"تۆ بەم سیاسەتە هەم گەلەکەت و هەم وڵاتانی عەرەبی پێکەوە لەدەست**

**دەدەیت، گەلی موسڵمانی ئێران لەم پەیوەندییە دوولایەنەیە تووڕە و نارازییە، سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبیش خۆت باشتر هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بە خۆت دەزانیت؛ بۆچی واز لە ١٢٠ملیۆن مرۆڤ دەهێنیت کە بە پەیوەندی ئایین و بیروباوەڕ و دابونەریتەوە بە ئێمەوە بەستراونەتەوە، لە پێناو ٢ ملیۆن مرۆڤدا کە هەموویان لە پەڕەوازە و ئاوارەکانی جیهانن".**
بەڵام شا قسەکەی پێ بڕی و وتی: تۆ چی دەڵێیت؟ من سەرسامم بەم گەلە زیاتر لە هەر گەلێکی تر، ئەگەر قسەکەت ڕاست بوایە، ئەوا ئەمریکییەکان و ئینگلیزەکانیش کە بەرژەوەندیی گرنگیان لە وڵاتانی عەرەبیدا هەیە، هەمان ئەو ڕێگەیەیان دەگرتەبەر[٤٥].

لە چاوپێکەوتنێکی شا ساڵی ١٩٦٧دا، لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئەوە بڵاوکرایەوە کە شا هەوڵی دەدا یەکسانی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتای عەرەبی دروست بکات، کاتێک لەسەروبەندی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر عەرەبەکان لە ڕایگەیاند؛ کە هەوڵی ناوبژیوانی دەدات لە ململانێی عەرەب و ئیسرائیلدا بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئاشتی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٤٦]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵوێستی فەرمیی ئێران نەیتوانی بە تەواوی لە ئاراستەی گشتیی جیهانی ئیسلامی لابدات، لە پرسی سەرکۆنەکردنی داگیرکردنی ئیسرائیل بۆ سەر زەوییە عەرەبییەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی قودس وەک شارێکی پیرۆز لای موسڵمانان و مەسیحییەکان کەوتە ژێر سەروەریی ئیسرائیلییەکان[٤٧].

پاش ئەوەی ئیسرائیل دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم ناوچانەدا سەپاند، زلهێزەکان لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوایان لە لایەنە شەڕکەرەکان کرد ئاگربەست ڕابگەیەنن[٤٨].

لە ڕەهەندی سیاسی و بڕیاردا، ڕاستەوخۆ ڕۆژێک دوای هەڵگیرسانی جەنگەکە، محەممەد ڕەزا شا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئێران ئەمیر عەباس هوەیدا (١٩٦٥-١٩٧٧) کۆبووەوە، لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیەدا، تاران زنجیرەیەک داواکارییەکی دیپلۆماسی ڕاگەیاند، کە گرنگترینیان بریتی بوو لە، داواکاری بۆ کۆبوونەوەی دەستبەجێی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاگربەستی دەستبەجێ، هەروەها، کشانەوەی سوپای ئیسرائیل بۆ سنوورەکانی پێش ٥ی حوزەیران و چارەسەرکردنی ململانێکان لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، شا لە ٧ی حوزەیراندا ڕەتکردنەوەی خۆی بۆ هەر جۆرە داگیرکارییەک و دەستبەرسەر داگرتنی خاکی وڵاتانی تر بە زەبری هێز دوو پات کردەوە[٤٩].

بەڵام دیارە تێگەیشتنی ڕاستەقینە بۆ ڕەهەندەکانی ئەم جووڵە ئێرانییە، دەبێت بارودۆخە ئاڵۆزەکانی دەوروبەری ناوچەی کەنداوی فارس (عەرەب) بەتایبەتی لەبەرچاو بگرێت، بێگومان هەستی گەلی ئێران بەرامبەر بە عەرەبەکان و ئەو پەیوەندییە ئاینییانەی کە هەردوو گەل بەیەکەوە دەبەستێتەوە بوونی هەیە؛ هەروەها ڕاگەیەندراوەکەی بەریتانیا سەبارەت بە بڕیاری کشانەوەی لە کەنداو[٥٠]، و تەماحی ئێران وەک بەهێزترین دەوڵەتی ناوچەکە بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی سەرکردایەتی لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا، و هەوڵدانی ئێران بۆ دەستکەوتنی پشکی شێری نەوت لە ئاوەکانی کەنداو و تەماعە ئاشکراکانی لە میرنشینەکانی کەنداوی عەرەبیدا هەن، جگە لەوانەش، پەیوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق، و پاشان گرنگیدانی زۆری بە جووڵە شۆڕشگێڕییەکان کە لە کەنداو و باشووری عەرەبیدا بەرەو هەڵکشان دەچوون، هۆکاری ترن[٥١].

لەسەر ئاستی کارگێڕی و دیپلۆماسی چڕیش، وتەبێژی حکومەتی ئێران ئاشکرای کرد، کە شای ئێران ڕێنمایی داوەتە سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەی ئەمیر عەباس هوەیدا بۆ ئەنجامدانی


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

جوڵەیەکی دیپلۆماسی و چالاکییەکانی لە بەرچاو لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام بدات، بە مەبەستی ئیدانەکردنی داگیرکردنی زەوییە عەرەبییەکان لەلایەن "ئیسرائیلەوە[٥٢].

هاوکات، ئەردەشیر زاهیدی وەزیری دەرەوەی ئێران، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لە نووسینگەکەی خۆی لە تاران لەگەڵ باڵوێزانی باوەڕپێکراوی وڵاتانی عەرەبی ئەنجامدا، بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ململانێی عەرەب – ئیسرائیل[٥٣].

پاش ئەوەی ئیسرائیل دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم ناوچانەدا سەپاند، زلهێزەکان لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوایان لە لایەنە شەڕکەرەکان کرد ئاگربەست ڕابگەیەنن[٥٤]، دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ١٠ی حوزەیراندا، قۆناغێکی نوێ لە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل دەستی پێکرد، دوای ئەوەی وڵاتانی عەرەبی خاکی زیاتریان لەدەستدا و تێیدا ئیسرائیل بۆ وڵاتانی عەرەبی دووپاتیکردەوە کە دەوڵەتی ئیسرائیل بووەتە واقیعێکی سیاسی نێودەوڵەتی، پاش ئەوەی وڵاتانی عەرەبی مافی خۆیان لەسەر خاکە داگیرکراوەکان بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد، ئەویش لای خۆیەوە بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش[٥٥]، کە لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ دەرکرد، کە بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی ئیسرائیلی دا لەو خاکە عەرەبییانەی کە لە دوای جەنگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧دا داگیری کردبوون[٥٦].

حکوومەتی شاهەنشاهیی ئێران، لە ڕواڵەتدا بەردەوامبوونی باری دوژمنکارانەی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی بە زیانبەخش دەزانی بۆ سەقامگیری و ئارامیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی ئابووریی گەلانی ئەم وڵاتانە، هەروەها پەنابردن بۆ هێز بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان ئیدانە دەکات و بڕوای وایە کە کشانەوە لەو زەوییە داگیرکراوانەی لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە لە کاتی جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧دا ئەنجامدراوە، و هەروەها جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە مەرجە پێویستەکانی چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن[٥٧].

لە لایەکی دیکەوە لە پشت ئەم هەڵوێستە دیپلۆماسیانەوەی، درک بەوە دەکرێت ئامانجی سەرەکی ئێرانییەکان گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە نەبووە لە سیاسەتەکەیدا بەرامبەر بە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ململانێی عەرەبی-ئیسرائیلی تا ئەو ڕادەیەی کە ئامانجی بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی تایبەت و پێگەی جێگیر بوو بۆ خۆی لە ناوچەی کەنداودا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئێران هاوتەریب لەگەڵ ئەم لێدوانانە دانی بە مافی بوونی ئیسرائیل دەنا و پەیوەندییە ژێربەژێر و هاوکارییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا لە بوارە جیاوازەکاندا پەرە پێدەدا[٥٨].

لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، ئەردەشیر زاهیدی وەزیری دەرەوەی ئێران، لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٦٧دا لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر ئیسرائیل نیشان دا؛ ئەو داوای پاشەکشەی ئیسرائیلی لە خاکە داگیرکراوەکان کرد و داوای کرد ڕەچاوی دۆخی پەنابەرانی فەڵەستینی بکرێت، بەو پێیەی گەلی ئیسرائیل خۆیان پێشتر تامی ئازاری ئاوارەییان چشتووە[٥٩]، بەڵام لە پشت پەردەی ئەم گوتارە دیپلۆماسییەوە، ناوەندە ئەمنی و سەربازییەکانی ئێران بە چاوێکی ستراتیژییەوە دەیانڕوانییە سەرکەوتنی ئیسرائیل لە جەنگی ١٩٦٧دا، بۆ ئەوان، ئەم سەرکەوتنە بەڵگەی باڵادەستیی سەربازیی ئیسرائیل بوو، هەر بۆیە هاوپەیمانییان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە بە زەرووەرەتێکی ئەمنی دەزانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە دژی هەڕەشەی دەوڵەتە ڕادیکاڵە عەرەبییەکان[٦٠].

لەلایەکی دیکەوە، لە ناوخۆی ئێراندا دەنگە سیاسییەکان دژی هەژموونی جەمال عەبدولناسر بوون؛ بۆ نموونە، جەواد مووسەوی کەبیری (١٩٦٣-١٩٧٩)، نوێنەری ئیلام، جەنگی ساڵی ١٩٦٧ی بە دەرەنجامی ستەمکاری و تەماحە گەورەکانی جەمال عەبدولناسر وەسف کرد، کە هەوڵ دەدات بە هەر نرخێک بێت خۆی وەک پێشەوا و سەرکردە بەسەر نەتەوە ئیسلامییەکاندا بسەپێنێت؛ لە کاتێکدا کە ڕەگەز و نەتەوەی ئەو ناعەرەبە[٦١]، و لەگەڵ موسڵمانانی یەمەن لە جەنگدایە؛ بەڵام بە ناوی حوکمی جیهاد و خەبات لە پێناو ئاییندا، بە ڕواڵەت عەرەبەکان دژی ئیسرائیل پڕ چەک و ئامادە دەکات، کە ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە مەبەستی ئەو جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ باڵادەستی بەسەر جیهانی عەرەبیدا[٦٢].

لە ڕووکەشدا، حکومەتی ئێران لە کاتی دەرکردنی بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧ سەبارەت بە کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان، پشتگیریی خۆی بۆ بڕیارنامەکە ڕاگەیاند و پشتیوانیی لە عەرەبەکان کرد[٦٣]، دیارە ئەم هەڵوێستەی ئێران لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو پەیوەست بوو بە نیگەرانی ئێران لەوەی کە ئیسرائیل لە دەوڵەتێکی گەمارۆدراوەوە گۆڕاوە بۆ دەوڵەتێکی دەستدرێژیکار، شا فشاری خستە سەر ئیسرائیل بۆ گەڕاندنەوەی زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکان[٦٤].

ڕەتکردنەوەی داواکارییەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە گرژییە ناوچەییەکانی توندتر کرد و هەوڵەکانی ئێرانی بۆ هێورکردنەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان پەکخست، لە بەرامبەردا، شا هەڵوێستێکی توندتری ئاشکرای بەرامبەر ئیسرائیل گرتەبەر، کە بووە هۆی دروستبوونی نیگەرانی لای سەرکردایەتیی ئیسرائیل[٦٥].

دوابەدوای گۆڕانکاری لە هەڵوێستە سیاسییەکانی شای ئێران، بەشێک لە ڕۆژنامە ئێرانییەکان پشتیوانیی خۆیان بۆ مافە عەرەبی و ئیسلامییەکان لە فەڵەستین ڕاگەیاند و دەستدرێژییەکانی ئیسرائیلیان بۆ سەر خاکە عەرەبییەکان ئیدانە کرد، هەندێک لەو میدیایانە تەنانەت دروشمی "جیهاد"یان بۆ ڕزگارکردنی پیرۆزییە ئیسلامییەکان لە فەڵەستین بەرز دەکردەوە، لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆژنامەی "ئیتلاعات"ی نیمچە فەرمی، بە ڕاشکاوی دژایەتیی ئێرانی بۆ سیاسەتی داگیرکاریی ئیسرائیل دەربڕی؛ هاوکات دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەک وتار و بابەت بۆ هاندانی گەلی ئێران تاوەکو هاوکاری و بەخشینەکانیان پێشکەش بە کۆمەڵەی "شێر و خۆری سوور"[٦٦]، بکەن، کە ئەرکی دابینکردنی فریاگوزاری و گەیاندنی کۆمەکی بۆ قوربانیانی لە جەنگەکەدا گرتبووە ئەستۆ[٦٧].

لە پاڵ هەوڵە دیپلۆماسیەکان، حکومەتی ئێران لە ڕێگەی کۆمەڵەی شێر و خۆری سووری ئێرانییەوە دەستی بە چالاکییەکی فریاگوزاریی بەرفراوان کرد بۆ هاوکاریکردنی لێقەوماوانی عەرەبی جەنگەکە، لەم چوارچێوەیەدا، تاران کەمپێکی گەورەی لە ئوردن بۆ پێشوازیکردن لە پەنابەران دامەزراند، سەبارەت بە پشتیوانیە داراییەکان، حکومەتی ئێران ساڵانە بڕێک پارەی وەک یارمەتی پێشکەشی پەنابەرانی فەڵەستین کرد، مەبەستی لەم پاڵپشتییە کەمە ئەوە بوو کە وەک هاوبەشێکی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە فریاکەوتنی پەنابەران و هاوسۆزی بۆیان سەیر بکرێت، و نیشانی بدات کە ئەم دۆزیە بەهۆی ئەو بیروباوەڕە هاوبەشەی لە نێوانیاندایە پەیوەندی بەویشەوە هەیە، لە ڕووی لۆجستی و تەندروستیەوە، ئێران پردێکی ئاسمانی لە نێوان تاران و عەممان دروست کرد کە لە ڕێگەیەوە پێداویستیی خۆراکی و پزیشکیی بۆ برینداراانی جەنگ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٦

دەنارد، هەروەها کۆمەڵەکە نەخۆشخانەیەکی تەیارکراو بە پزیشک و دەرمانی بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی جەنگ دامەزراند، و جگە لەوەش ئێران هاوکارییەکانی گەیاندە سووریاش[٦٨].

هەروەها چەند خۆپیشاندانێک لە ژمارەیەک لە شارەکانی ئێراندا ئەنجامدرا، بەتایبەتی لە شاری قوم، خۆپیشاندان لە شەقامەکانی ئێراندا بە پاڵپشتی مەرجەعە ئایینیەکان لە پێشەنگیاندا ئیمام خومەینی دەستی پێکرد بۆ پشتگیریکردن و پاڵپشتیکردنی مافە عەرەبییەکان و شەرمەزارکردنی دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خاکە ئیسلامییەکان، کۆمەڵێک فەتوای دەرکرد، کە تێیاندا هانی خەڵکی دەدا بۆ تەرخانکردنی بەشێک لە ماڵ و سامانی زەکات بۆ پشتیوانیکردنی جەنگ دژی ئیسرائیل هەروەها ئایەتوڵڵای عوزما سەید ئەبولقاسم خۆیی (١٨٩٩-١٩٩٢)، نامەیەکی بۆ سەرۆکی حکومەتی ئێران نارد و تێیدا داوای لە حکومەتی ئێران کرد کە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ (جولەکە کافرەکان) وەک ئەوەی خۆی دەریبڕیبێ بۆ کردووە ببڕێت[٦٩].

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم نارەزایەتییە جەماوەرییە ئێرانییانە کاریگەرییەکی کارایان نەبوو و نەشیانتوانی ئەو ئامانجە بپێکن کە لێیان چاوەڕوان دەکرا، ئەمەش بەهۆی ئەو دەزگا سەرکوتکەرانەی کە شا پشتی پێ دەبەستن، بەتایبەتی دەزگای ساواک، هەر بۆیە هەڵوێستەکانی گەلانی ئێران تەنها لە بەیاننامە و وتارە حەماسییەکان تێنەپەڕی، کە ئامانج لێی چەواشەکردنی گەلی ئێرانە بەوەی کە گوایە دەوڵەتەکەیان بەپێی ویستی ئەوان کار دەکات[٧٠].

هەڵوێستی فەرمی ئێران لە هەمبەر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر عەرەبەکان، بە مەبەستی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە نەبوو لە سیاسەتەکەیدا بەرامبەر بە عەرەبەکان، هێندەی ئەوەی ئامانجی بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی تایبەت و هەڵوێستی بەرژەوەندیخوازانە بوو کە خۆی لە بەدیهێنانی تەماحەکانی ئێران لە کەنداوی عەرەبیدا (فارس)، دەبینییەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئازادی لەم ناوچەیەدا بجوڵێتەوە ئەگەر بێتو بێدەنگییەکی عەرەبی بۆ خۆی مسۆگەر بکات سەبارەت بەوەی لەوێ ڕوودەدات، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵبوونی وڵاتانی عەرەبی بە سڕینەوەی لێکەوتەکانی شەڕەکە، هەر بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل سارد نەبوونەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەشەیان کرد و پتەوتر و بەردەوامتر بوون[٧١].

هەر شیکردنەوەیەکی ورد بۆ هۆکارەکانی پشتگیری ئێران لە ئیسرائیل لە کاتی هێرشەکەی ساڵی ١٩٦٧دا بۆ سەر عەرەبەکان، وامان لێ دەکات بڵێین کە سەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو؛ چونکە هاوسەنگیی هێز بە لای ئیسرائیل شکایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی عەرەبی سەرقاڵی خۆپڕچەککردن و کڕینی کەرەستەی سەربازی بن و بڕە پارەیەکی زەبەلاح لە بودجەی ئابوورییان خەرج بکەن کە دەکرا لە بوارەکانی تری وەک کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، زانستی و هاوشێوەکانیاندا وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، هەروەها سەرقاڵبوونی عەرەب بە شەڕیان لەگەڵ ئیسرائیل و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت بۆ ئەو وڵاتانەی پشتیوانی دەوڵەتی ئیسرائیلیان دەکرد، وای کرد ئێران لە ڕێگەی زیادکردنی بڕی هەناردەی نەوتەکەیەوە شوێنی نەوتی ئەوان بگرێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئابوورییەکەی هەبوو[٧٢].

سەرکەوتنی ئیسرائیل لە سنووردارکردنی ڕۆڵی میسر لەسەر ئاستی عەرەبی دوای جەنگیان و ئەو پاشەکشەیەی کە نیشتیمانی عەرەبی گرتەوە بەهۆی ئەو شکستەی تووشی گەورەترین سوپای عەرەبی هات و سەرقاڵبوونیان بە دووبارە ڕێکخستنەوەی تواناکانی سوپا، هەروەها ئەو

بارودۆخە نائومێدییەی کە بەدوایدا هات، وای کرد میسر بەرەو بنیاتنانەوەی خۆی و سەرقاڵبوون بە کێشە ناوخۆییەکانی هەنگاو بنێت لەسەر حیسابی دۆزی بەرگریکردن لە عەرەببوونی کەنداوی فارسی (عەرەب)، ئێران سوودی لەمە بینی و دەستی کرد بە داڕشتنی پلان بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری داگیرکاریی (ئیستیعماری) بەریتانی لەم ناوچە زیندووەی جیهاندا، بەو پێیەی گەورەترین هێزی مرۆیی و ئابووری و سەربازی بوو لە ناوچەی کەنداوی فارسیدا (عەرەب)[٧٣].

بەهێزبوونی ئێران لە بواری سەربازییدا، لە لایەکەوە بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئەم وڵاتە لە بەرامبەر عەرەبەکاندا و لە لایەکی دیکەشەوە زەمینەیەکی گونجاوی بۆ هاوکاریی زیاتر لەگەڵ ئیسرائیل ڕەخساند کە لە ناوچەکەدا خاوەنی پسپۆڕی و کاراییەکی بەرزی سەربازی بوو، لە ڕاستیدا ئەو توانایەی کە ئیسرائیل لە ڕووی سەربازییەوە لە جەنگی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧دا نیشانی دا، سەرنجی شا و بەرپرسە باڵا سەربازییەکانی وڵاتی زیاتر لە جاران بۆ هاوکاری و سوودوەرگرتن لە پسپۆڕییە سەربازی، جەنگی و بەرگرییەکانی ئیسرائیل ڕاکێشا[٧٤].

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە یارمەتی بەهێزکردنی پێگەی ئێرانی دا لە بەرامبەر ڕادیکاڵیزمی عەرەبی و پەرەپێدانی هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بریتی بوو لە ئەزموونێکی سەرکەوتووی هاوکاریی هەردوو وڵات لە ڕووداوەکانی یەمەن و کوردستانی عێراقدا[٧٥].

گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی ناو نەخشەی جیۆپۆلیتیکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتاییەکانی شەستەکان، درزی خستە نێوان پەیوەندییەکانیان، بە تایبەتی، سەرکەوتنی ئیسرائیل لە جەنگی ١٩٦٧دا بەرامبەر هاوپەیمانیی عەرەبی، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێڕوانینی شا بۆ تەلئەبیب دروست کرد[٧٦]، بە تایبەتی دەرکەوتنی هێزی سەربازیی ئیسرائیل و دەستبەسەرداگرتنی خاک، پاڵ نا بە ئێرانەوە بۆ ئەوەی دووبارە هەڵسەنگاندنەوە بۆ پەیوەندییە ناوچەییەکانی بکات[٧٧].

بەکورتی، ئێران سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی لێدوانە ڕواڵەتییەکان دەربارەی پشتگیریکردنی عەرەب دادەڕێژێت، ئەوەی هانی دەدات بۆ ئەم کارە، لە لایەکەوە لەبەرچاوگرتنی هەستی گەلی ئێرانە، و لە لایەکی تریشەوە پێویستیی ڕێکخستنی پەیوەندییەکی دیاریکراوە لە ناوچەی کەنداودا بۆ ئاسانکاریی گێڕانی ڕۆڵی میراتگری بوونی ئیستیعماریی ڕۆژئاوایی (بەریتانیا) دوای کشانەوەی؛ لە کاتێکدا کە لە هەمان کاتدا هاوکارییەکانی زیاد دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پتەوتر دەکات[٧٨].

سیاسەتی دووفاقەی ئێران بەرامبەر بە پرسەکانی عەرەب و ئیسرائیل لە ماوەی خولی بیست و دووهەمی ئەنجومەنی شوورای نیشتمانیدا هاوشێوەی پێشتر بەردەوام بوو، لەبەر ئەوە نوێنەرانی ئەنجومەنیش بە شوێنکەوتنی حکومەت، لەو کاردانەوانەی کە هەیانبوو هەوڵیان دا ببنە ڕەنگدانەوەی سیاسەتە ڕواڵەتییەکانی شا، لەم بارەیەوە مستەفا ئەلمووتی شێوازی ئێران و سیاسەتی شای بەرامبەر بە جەنگی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە یەکێک لە ژیرانەترین و دادپەروەرانەترین سیاسەتەکانی ئەو کاتەی جیهان زانی، و لێدوانەکانی شای سەبارەت بە پێویستیی کشانەوەی ئیسرائیل و چۆڵکردنی ناوچە داگیرکراوەکان پشتڕاست کردەوە[٧٩].

سەرەڕای سەرکۆنەکردنی فەرمی لە دژی داگیرکاری، سیاسەتی دەرەوەی ئێران خاوەن ڕەهەندێکی واقیعبینانە بوو کە خۆی لە بەرەی عەرەبی جیادەکردەوە، محەمەد ڕەزا شا، ڕاستەوخۆ دوای هێرشەکە ڕایگەیاند، "ئیسرائیل مافی بوونی هەیە" هەروەک هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، شا لە لێدوانێکی تریدا بۆ ڕۆژنامەی بوربای یوگۆسلاڤی لە ساڵی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١٩٦٨دا جەختی کردەوە "ئێمە قبووڵی ناکەین کە عەرەبەکان هەڕەشەی لەناوبردن لە ئیسرائیل بکەن، شا ئەم جیاوازییە لە هەڵوێستدا بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆی سیاسی تاران دەگەڕاندەوە، سەبارەت بە بەردەوامیی پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی نێوان وڵاتەکەی، ئاماژەی بەوە کرد کە "ئێمە موسڵمانین بەڵام عەرەب نین" و جەختی لەوە دەکردەوە کە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا ئێران خاوەن ستراتیژییەکی سەربەخۆیە و جیاواز لە وڵاتانی عەرەبی مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکاندا دەکات[٨٠].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا، ئێران بەشداریی لەو هەوڵانەدا کرد کە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە ناوچەکەدا دەدران و دەنگدانەوەیان لە لای هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت میسر، هەبوو. شا هەوڵیدا ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان ئیسرائیل و میسردا بگێڕێت تاوەکو لەو ڕێگەیەوە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستبهێنێت، کە لەو سەردەمەدا بیرۆکەی چارەسەرێکی گشتگیری بۆ ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل خستبووە ڕوو[٨١].

لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماسی، گوتاری شای ئێران گوزارشت بوو لە نزیکیی دیدگای هەردوولا بۆ پرسە ناوچەییەکان، چەند ڕۆژێک دوای کۆتاییهاتنی کۆنفرانسی ئیسلامی کە لە ڕەباتی پایتەختی شانشینی مەغریب لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩دا شا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (ستێران-Stern)ی ئەڵمانی، شا جەختی کردەوە: عەرەبەکان بەدەست کەمتەرخەمییەوە دەناڵێنن بەرامبەر بە داواکارییەکانی ئیسرائیل بۆ سنووری ئەمنییەکان، و لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەمەوێت لێرەدا جەخت لەسەر مافی بوونی ئیسرائیل بکەمەوە، وەک دەبینن هیچ پاساوێک نییە بۆ گلەیی و ناڕەزاییمان بەرامبەر بە ئیسرائیل ئەم لێدوانەی شا بۆ دووپاتکردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی بوو لەگەڵیاندا، و وەک نیشاندانێکی شانازی و پەرۆشی بوو بۆ مانەوەی دەوڵەتەکەیان[٨٢].

لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩دا، گۆڤاری "ئەلحورییە"ی چاپی بەیرووت نووسیویەتی شا لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا لە چاوپێکەوتنی گۆڤارەکە وتوویەتی "من نوێنەرایەتی ئەو ڕایە دەکەم کە دەبێت ئیسرائیل بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش قبوڵ بکات و لەو زەوییانەی داگیری کردوون بکشێتەوە"، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند ئەم بابەتە لە ئەنجومەنی ئاسایش پەیوەندی بە چارەنووسی ئەو دانیشتووانە عەرەبانەوە هەبوو کە زەوییەکانیان داگیر کراوە، ئێمە هاوسۆزین لەگەڵ ئەو عەرەبانەدا، سەبارەت بە پرسیارێکی تر، شا وتوویەتی "دەمەوێت لێرەدا جەخت لەسەر مافی ئیسرائیل بۆ هەبوون بکەمەوە، هەروەها جەخت لە تێگەیشتنی قووڵم دەکەم بۆ ئارەزووی ئیسرائیل لە دەستکەوتنی سنووری ئارام، ئەگەر عەرەبەکان لەبەر ئەم هۆکارە تووڕە بن، ئەوا بەوە گرێی ناتەواویی خۆیان دەسەلمێنن لە کۆتایی قسەکانیدا وتوویەتی "وەک دەبینن، هیچ پاساوێک نییە بۆ گلەیی و ناڕەزایەتیمان لە ئیسرائیل" [٨٣].

لە کۆتاییەکانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، نەخشەی سیاسی گۆڕا، دوای شکستی میسر لە جەنگی ساڵی ١٩٦٧دا، دوای کۆچی دوایی عەبدولناسر و هاتنەسەرکاری ئەنوەر سادات (١٩١٨-١٩٨١)، قاهیرە تەماحە هەرێمییەکانی خۆی کەمکردەوە و دەستی کرد بە گۆڕینی هاوپەیمانییەکانی بەرەو لای ڕۆژئاوا، ئەم وەرچەرخانە بەرەو لایەنگری ئەمریکا، ئەگەری نزیکبوونەوە و ئاشتبوونەوەی نێوان ئێران و میسری زیاتر کرد، کە بە هەنگاوێکی بنەڕەتی بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان عەرەب و ئێران دادەنرا[٨٤].

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

بۆ ئیسرائیل، ڕووکردنی میسر بەرەو ڕۆژئاوا و ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ئێران ژینگەی ئەمنییەکەی باشتر نەکرد، بەڵکو بووە هۆی قووڵکردنەوەی گۆڕانکاری لە هاوکێشە ستراتیژییەکانی تاراندا، زیادبوونی مەترسییەکان لەسەر ئیسرائیل و دەرخستنی ئەو لاوازییە بنەڕەتییەی کە لە پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا هەبوو، ئەگەر ئێران کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر چارەسەر بکردایە یان هێندە بەهێز ببوایە کە بە تەنیا ڕووبەڕووی هەڕەشەکان ببێتەوە، ئەوا ئەگەری زۆر بوو ئەو هاوبەشییە ناهاوسەنگە هەڵبوەشێتەوە، چونکە عەبدولناسر کە دوژمنێکی هاوبەشی ئیسرائیل و ئێران بوو و هۆکاری سەرەکیی لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئیسرائیل بوو، پاڵی بە ئێرانەوە دەنا کە وەک هاوپەیمانێکی جێگەی متمانە سەیری ئیسرائیل بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ناسریزم[٨٥]، نزیکبوونەوەی عەرەب و ئێران هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی پێگەی ئێران، ئاڕاستەیەکی نوێی بۆ تاران هێنایە کایەوە، کە ئەویش "بژاردەی عەرەبیی ئێران" بوو[٨٦].

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠دا کاتێک کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی لە جەددە بەڕێوەچوو، لە کۆنفرانسەکەدا داوا لە ئێران کرا کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بپچڕێنێت، بەڵام ئێران ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە، لە هەمان کاتیشدا هیچ گومانێکی لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە قودس و داهاتووی خاکە عەرەبییە داگیرکراوەکان نەهێشتەوە، ئەردەشیر زاهیدی، وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی هوەیدا، لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئوردن لە بەهاری ساڵی ١٩٧٠دا ڕایگەیاند کە دەبێت ئیسرائیل لە هەموو ئەو خاکانە بکشێتەوە کە لە جەنگی شەش ڕۆژەدا داگیری کردبوون و دەبێت قودس بۆ ژێر سەروەریی عەرەب بگەڕێتەوە[٨٧].

بەڵام ئەم نزیکبوونەوەیە تەنها ڕواڵەتی بوو، چونکە شا دڵنیایی پێدان کە نابێت لە نزیکبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و میسر نیگەران بن؛ چونکە ئەم ڕەوتە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی ئێراندا بەرانبەر بە ئیسرائیل دروست ناکات، هەروەها ئێران لە پشت پەردەوە بەردەوام بوو لە ناردنی نەوت بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەمەش بووە هۆی بەردەوامیدان بە گوڕوتینی ئامێری جەنگی ئیسرائیل، بەوەش ئێران هەوڵی وڵاتانی عەرەبیی هەناردەکاری نەوتی (ئۆپێک)ی پووچەڵکردەوە بۆ سەپاندنی جۆرێک لە فشار بەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە پاڵپشتی هێرشی ئیسرائیلیان دەکرد، ئەویش کاتێک ئێران بە ڕەزامەندی شا بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی زیاد کرد هەروەها، ئەمە بووە هۆی ئەوەی عەرەبەکان نەتوانن نەوت وەک چەکێک لە جەنگی نەتەوەیی دژی ئیسرائیل بەکاربهێنن[٨٨].

لە ساڵی ١٩٧١دا، کاتێک وڵاتانی عەرەبی بابەتی دەرکردنی ئیسرائیل یان هەڵپەساردنی ئەندامێتییەکەیان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ورووژاند، "خەڵعەتبەری" (١٩١٨-١٩٧٩) وەزیری دەرەوەی ئێران، لە نیویۆرک لەگەڵ "ئیگال ئالۆن"ی هاوتا ئیسرائیلییەکەی کۆبووەوە و دژایەتیی ڕاشکاوانەی تارانی بۆ هەنگاوێکی لەو شێوەیە ڕاگەیاند، خەڵعەتبەری لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ شای ناردبوو، ئاماژەی بەوە کردبوو: "بۆم ڕوون کردنەوە کە ئێران دژی دەرکردنی ئیسرائیلە، هەروەها بە ڕاشکاوی بە عەرەبەکانم وتووە کە هەنگاوێکی وەها لە زیانی خودی عەرەبەکانیش دەبێت، بەڵام بۆ پاراستنی ڕوکاری دیپلۆماسی، خەڵعەتبەری لە وتارێکی فەرمیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەخنەی لە سیاسەتە نەرێنییەکانی ئیسرائیل گرت و نیگەرانیی خۆی بەرامبەر قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربڕی[٨٩].

لەو چوارچێوەیەدا و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧١دا، کاتێک ڕەوتی ئاشتەوایی نێوان ئێران و میسر دەستی پێکرد و کاریگەریی خستە سەر پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ئێران،

تێدی کۆلیک (١٩١١-٢٠٠٧)، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، سەردانی تارانی کرد بۆ پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بە حکومەتی ئێران سەبارەت بە گەشەپێدانی گەشتیاری، و پێشنیاری ڕێکخستنی ئاهەنگەکانی بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥٠٠ ساڵ بەسەر سەرکەوتنی پاشا کوروش بۆ سەر تەختی پاشایەتیی فارس کرد، بەڵام حکومەتی ئێران داوەتنامەی بۆ ئیسرائیل نەنارد بۆ بەشداریکردن تێیاندا، ئەمەش بەهۆی توندوتیژی و نەبوونی نەرمیی ئیسرائیل لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی (٩٠).

بەڵام هەڵوێستە ئاشکراکانی ئێران بەرامبەر بە ئیسرائیل نەبوونە ڕێگر لەوەی گۆڵدا مائیر، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧٢دا سەردانی تاران بکات، کە بەدوایدا گۆڕانکاری لە سەرۆکایەتی نێردەی دیپلۆماسی ئیسرائیل لە تاران ڕوویدا، ئۆری لۆبرانی وەک باڵوێزی ئیسرائیل لە تاران لە شوێنی مائیر عزری دەستنیشانکرا، کە بۆ ماوەی ١٢ ساڵی یەک لە دوای یەک ئەو پۆستەی بەدەستەوە بوو(٩١).

لە ڕووی گوتاری سیاسییەوە، ئێران لە سەرەتای حەفتاکاندا هەوڵی دەدا هاوسەنگییەک لە نێوان پەیوەندییە نهێنییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و پێگەی خۆی لە نێوان وڵاتانی تر دروست بکات، وەک نموونەیەک، لە ساڵی ١٩٧٢دا و لە کاتی سەردانی (میرکۆ تێپاڤاتس) وەزیری دەرەوەی یوگۆسلاڤیا بۆ تاران، بەیاننامەیەکی کۆتایی هاوبەش بڵاوکرایەوە؛ تێیدا هەردوو لایەنی ئێرانی و یوگۆسلاڤی بە ڕاشکاوی نیگەرانیی خۆیان لە بەردەوامیی داگیرکارییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر زەوییە عەرەبییەکان دەربڕی و داوای جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشیان کرد(٩٢).

بۆ ئەم مەبەستەش مەهدی وەکیل (١٩٧٠-١٩٧٩) نوێنەری هەمیشەیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئەوەی لە ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢دا نامەی متمانەی خۆی پێشکەشی "ئۆتانت" سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، ڕایگەیاند ئێران پشتگیری لە بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات، ئاماژەشی بەوەش کرد کە وڵاتەکەی وا دەبینێت کە مەحاڵە قبوڵ بکرێت دەوڵەتێک بەهۆی ئەنجامی جەنگەوە دەست بەسەر خاکی دەوڵەتێکی تردا بگرێت(٩٣).

سەرەڕای ئەم لێدوانانەی کە وا دەردەکەون کە ئێران لە ململانێ چارەنووسسازەکەیاندا لەگەڵ ئیسرائیلیەکان لە پاڵ عەرەبەکان وەستاوە، بەڵام ڕاستیی دۆخەکە ئاماژەی بەوە دەکرد کە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران کاریگەر نەبوو بەسەر هێرشی ئیسرائیل سەر عەرەب لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧دا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی حاڵەتی دووفاقی (دووڕوویی) بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا؛ چونکە ئەوەی ئێران بە ئاشکرا دەری دەبڕی جیاواز بوو لەوەی کە بە نهێنی ئەنجامی دەدا، ئەمەش تایبەتمەندییەکی بنەڕەتییە کە کەسایەتیی ئێرانی پێ ناسراوەتەوە لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئێراندا (٩٤).

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٣دا، شای ئێران بەڕاستی دەستی کرد بە ترس لە هەڵگیرسانی جەنگێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوای شکستهێنانی گفتوگۆکانی جەنەراڵ حافز ئیسماعیل، ڕاوێژکاری سەرۆک سادات بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، لەگەڵ سەرۆک نیسکۆن و (هێنری کیسینجەر-Henry Kissinger)(٩٥)، لە واشنتۆن لە شوباتی ١٩٧٣دا، میسر و سووریا دەستیان کرد بە ئامادەکاری بۆ جەنگی تشرینی یەکەم (یوم الغفران)، سعودیەش فشاری خستە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بابەتی نەوتدا، و هەوڵیش درا ئێران لەم هەوڵەدا بەشدار بکرێت، لە کاتێکدا شا حسێن ڕووی لە تاران کرد و داوای ڕاگرتنی

دابینکردنی نەوتی بۆ ئیسرائیل کرد، هەروەها داوای بەکارهێنانی هەژموونی ئێرانی لە واشنتۆن کرد بە مەبەستی ناچارکردنی ئیسرائیل بۆ نیشاندانی نەرمی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ جیهانی عەرەبی، هەروەها ساداتیش هەمان داوای لە شا کردبوو، ئێران دەستی کرد بە کارکردن وەک دەوڵەتێک بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانە بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل[٩٦].

بۆ ئەم مەبەستەش، لە هاوینی هەمان ساڵدا، لە تەموزی ١٩٧٣دا، شا لە واشنتۆن لەگەڵ سەرۆک نیسکۆن لە ٢٥ی تەموزدا کۆبووەوە و نیسکۆنی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سادات و گۆڵدا مائیر ئاگادار کردەوە و هۆشداری دا کە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل سەقامگیریی ناوچەی کەنداو دەخاتە مەترسییەوە، شا داوای لە ئەمریکا کرد سیاسەتێکی هاوسەنگ لە نێوان ئیسرائیل و و دراوسێ عەرەبەکانیدا پەیڕەو بکات بۆ ڕێگری لە هەڵگیرسانی شەڕ، سەرەڕای ئەمانەش شا پەیوەندییە دۆستانەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و ڕۆڵی ئەو وڵاتەی لە سەقامگیریی ناوچەکەدا وەبیر هێنایەوە، هەروەها نیگەرانیی خۆی لە زیادبوونی هەژموونی سۆڤیەت لە لە یەمەنی باشوور، سۆماڵ عێراق و ناوچەکە دەربڕی، کە ببووە هەڕەشە بۆ سەر ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی نەوت[٩٧].

هاوکات لە هاوینی ساڵی ١٩٧٣دا عەبا ئیبان (١٩٦٦-١٩٧٤) وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بۆ وتووێژی زیاتر لەگەڵ شا سەفەری تاران دەکات، شا لەگەڵ ئیبان سەبارەت بە پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ میسر گفتوگۆی کرد، ناوبراو ڕایگەیاند کە متمانەی بە قسەکانی سادات هەیە و سادات پابەندە بە گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ ململانێی عەرەبی و ئیسرائیل، شای ئێران نارەزایی دەربڕی کە ئیسرائیل لەو پێشهاتە نوێیانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن تێنەگەیشتووە، هەروەها نەیتوانیوە سەنگی ئێران لە ناوچەکەدا تێبگات، جگە لەمەش شا ڕەخنەی توندی لە ئەمریکا گرت کە بە ئیدیعای خۆی وەڵامی داواکارییەکانی بۆ کڕینی چەک نەداوەتەوە[٩٨].

دوای پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی میسر و ئێران، ئیسرائیل هەستی کرد کە پێویستە جارێکی دیکە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، ئیسرائیل لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٧٣دا گۆڕانکارییەکی لە سەرۆکایەتی نێردەی ئیسرائیل لە تاران باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە تاران ئەنجامدرا، و ئوری لوبرانی (١٩٧٣-١٩٧٨) وەک باڵوێزی نوێ ئیسرائیل لە تاران لە جیاتی (مئیر عەزری) دەستنیشان کرد، لە کاتی گەیشتنی باڵوێزە نوێیەکەی ئیسرائیل بۆ فڕۆکەخانەی مێهرئاباد لە تاران، دەرکەوت کە هیواکانی ئیسرائیل زیادەڕەوییان تێدا کراوە؛ چونکە هیچ بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وەک هەمیشە بۆ پێشوازیکردن لە باڵویزەکە نەهاتبووە فڕۆکەخانە، چونکە ئیسرائیل هیواخواز بوو ئەم گۆڕانکارییە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ناوچەکە، داوا بە دوای گەیشتنی لەگەڵ شا و بەرپرسە دیپلۆماتکارە ئێرانییەکان کۆبووەوە سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و هاوکارییە نزیکەکانی نێوان هەردوو وڵات بکات[٩٩]، ئامانج لەم کارەش بۆ ئەوە بوو سیفەتێکی فەرمی بدات بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، چونکە هەردوو دەوڵەت پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی ڕاستەقینەیان پێکنەهێنابوو لەم کاتەدا[١٠٠].

ئیسرائیل بە پشتیوانیی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە ساڵی ١٩٤٨ەوە توانی لە خاکی فەلەستین جێگیر بێت و لە ڕێگەی بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەر لەو کاتەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٣،

ئیسرائیل هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابێت، هێرشی کردووەتە سەر وڵاتانی عەرەبی، لە لایەکی دیکەوە، ئێران لە سەردەمی شادا هەمیشە وەک سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب لە باڵی ڕۆژهەڵاتیدا دەبینرا، ئیسرائیل بەردەوام کاری بۆ پارچەپارچەکردنی بەرەی عەرەبی و ڕێگریکردن لە یەکگرتنیان کردووە، تاوەکو بتوانێت هەژموونی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و پێگەکەی لە خاکە داگیرکراوەکاندا بچەسپێنێت، ئێرانیش لە سەردەمی شادا، لەم دیدگایەدا لەگەڵ ئیسرائیل هاوبەش بوو؛ بە جۆرێک کاری بۆ لاوازکردنی عەرەبەکان و باڵادەستبوون بەسەریاندا دەکرد و هەوڵی دەدا خۆی وەک "پۆلیسی ناوچەی کەنداو" بناسێنێت [١٠١].

**ئەنجام:**

١- هەرچەندە ئێران لە سەرەتادا نهێنیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەپاراست، بەڵام لە کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا، شا دوودڵ نەبوو لە ڕاگەیاندنی ئەم پەیوەندییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شا لەو کاتەدا پرۆژەی شۆڕشی سپی ڕاگەیاندبوو، هەربۆیە شا پێویستییەکی زۆری بە شارەزایانی تەکنیکی، کشتوکاڵی و سەربازیی ئیسرائیل هەبوو بۆ سەرخستنی ئەم چاکسازییانە.

٢- سەبارەت بە ئامارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو لا، دەگەین بەو ئەنجامەی کە ئێران بازاڕێکی باشی ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی ئیسرائیل بووە لەو سەردەمەدا، لە هەمان کاتیشدا ڕێککەوتنی سەربازی لە نێوانیان ئەنجامدراوە و فڕۆکە تێکشکاوەکانی ئێران لە ئیسرائیل چاککراونەتەوە، سەبارەت بە لایەنی کشتوکاڵیش، گرنگییەکی زۆر بەم لایەنە دراوە، بەتایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی چاندنی لۆکە سەرەڕای ئەوانەش، کردنەوەی دەرگای ئێران بەڕووی چالاکییە ئابوورییەکانی ئیسرائیل بووە هۆی هاتنەناوەوەی بێشوماری کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان.

٣- پەرەپێدانی پەیوەندییە هەواڵگیرییەکانی نێوان هەردوو لا بووە هۆی دروستبوونی قەڵغانێکی ئەمنی گرنگ دژی نەیارانی هەردوولا.

٤- لە بواری ئابووریشدا نەوت کۆڵەکەیەکی گرنگی ئەم پەیوەندییانە بووە. ئێران دابینکەری نەوتی ئیسرائیل بوو لە زۆربەی قۆناغەکانی ئەم پەیوەندییە، سەرەڕای بایکۆتکردنی نەوت لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە، بەڵام ئێران بڕیاری دا نەوت بنێرێت بۆ ئیسرائیل، ئەمەش دەرفەتی بە ئێران دا بۆ ئەوەی داهاتێکی زیاتری دەست بکەوێت بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

٥- شا هەمیشە سیاسەتی حکومەتەکەی بەپێی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی بنیاد دەنا، بۆ نموونە لە جەنگی ساڵی ١٩٦٧دا، سەرەڕای ئەوەی شا بە توندی سەرکۆنەی داگیرکردنی خاکی وڵاتانی عەرەبی دەکرد لەلایەن ئیسرائیلەوە، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی نێوەندگیریی دەدا، ئەویش لە ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئامانجی سەرەکیی ئێران گۆڕانکاریی ڕاستەقینە نەبوو لە سیاسەتەکەیدا بەرانبەر بە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاخود کێشەی عەرەب-ئیسرائیل، بەڵکوو زیاتر ئامانجی بەدەستهێنانی ئیمتیازات و بەهێزکردنی پێگەی خۆی بوو لە ناوچەی کەنداو.

٦- سیاسەتی دووفاقەی ئێران بەرانبەر بە پرسەکانی عەرەب - ئیسرائیل لە ماوەی چەند خولێکی ئەنجومەنی شوورای نیشتمانیدا هاوشێوەی یەکدی بوون، لەبەرئەوە بەشێک لە نوێنەرانی ئەنجومەن، بە شوێنکەوتنی حکوومەت لەو کاردانەوانەی کە هەبوو، هەوڵیان دەدا ببنە ڕەنگدانەوەی سیاسەتە ڕۆیالەتییەکانی شا، هەرچەندە ئەم هەڵوێستە لە سەرەتای ساڵانی

حەفتاکاندا بەرانبەر ئیسرائیل گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەمەش بەهۆی نزیکبوونەوەی ئێران لە میسر، ئەمەش بووە هۆی قووڵکردنەوەی هاوکێشە ستراتیژییەکانی ئێران و زیادبوونی مەترسی لەسەر ئیسرائیل، کە وای کرد ئیسرائیل جارێکی دیکە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا بکاتەوە.

## پەراوێز

(1) **Trita Parsi, Treacherous Alliance: The Secret Dealings of Israel, Iran, and the United States. New Haven: Yale University Press, 2007, pp.28-29, 31;**
جاسم إبراهيم الحياني، التغلغل الأسرائيلي في ايران وأثره في الأمن الوطني العراقي ١٩٥٠-١٩٦٧، الأوائل للنشر و التوزيع، الطبعة الأولي، أيلول ٢٠٠٦م، ص ٨٨-٨٩ ؛ على اكبر ولايتى، ايران وتطورات القضية الفلسطينة دراسة فى وثائق وزارة الخارجية الايرانية ١٨٧٩-١٩٧٩م، ص ٨٤-٨٥ .

(٢) جاسم ابراهيم الحيانى، المصدر السابق، ص ٨٩ .

(3) **Sohrab Sobhani, Entente; Israeli-Irani Relations 1948-1988, (New York and London, 1989), p. 54; Abbas Milani, The Shah, (United States, 2011), pp. 313-315;**
شموئيل سيجف، المثلث الإيراني، العلاقات السرية الاسرائيلية - الايرانية و الامريكية، ترجمة : غازي السعدي، الجزء الاول، الطبعة الأولي، دار الجيل للنشر، عمان، ١٩٨٣، ص ١٠١ .

(٤) دعاء نصر تمام إسماعيل، الأوضاع الاقتصادية والاجتماعية لليهود في إيران (١٩٢٥- ١٩٧٩م)، مجلة سوبک للدراسات التاريخية والحضارية، مصر، العدد الأول، ٢٠٢١م، ص ١٤٧ .

(٥) على اكبر ولايتى، المصدرا السابق، ص ٤٦٩ .

(٦) شموئيل سيجف، المصدر السابق، ص ١٠١ .

(٧) جلال الدين مدنى، تاريخ سياسى معاصر ايران، جزء دوهم، دفتر انتشارات اسلامى، تهران، ١٣٧٥، ص ٢٢٨ ؛ نويسند نامعلوم، ساواک و دستگاه اطلاعاتى اسرائيل ...، منبع پيشين، ص ٤٥-٤٦ .

(٨) سركيس ابو زيد، ايران و المشرق العربى، الطبعة الأولى، مركز الحضارة لتنمية الفكر الأسلامى، بيروت، ٢٠١٠، ص ٦٨ .

(٩) على اكبر ولايتى، المصدر السبق، ص ٤٦٩ .

(10) **Sohrab Sobhani, Op. Cit, pp. 61-63;**
شموئيل سيجف، المصدر السابق، ص ١٠٥ .

(١١) على اكبر ولايتى، المصدر السابق، ص ٣٤٨-٣٤٩ ؛ عبدالرضا هوشنگ مهدوى، سياست خارجى ايران در دوران پهلوى ١٣٠٠-١٣٥٧، البرز، تهران، ١٣٩٣، صص ٣٣٢-٣٣٥ .

(١٢) بان صبيح سالم منصور، النشاط الصهيوني في ايران ١٩٠٠-١٩٧٩، مجلة اداب المستنصرية، الجامعة المستنصرية كلية اداب قسم تاريخ، العدد (١١٠)، ٢٠٢٥، ص ٢٢٨-٢٢٩ .

(١٣) منسي سلامة وحافظ عبد الاله، التعاون التسليحي الإيراني – الصهيوني، د ط، دار الحرية، بغداد، ١٩٨١، ص ١٠.

(١٤) على اكبر ولايتى، المصدر السابق، ص ٤٧٠ ؛ مرتضى قانون، مرتضى قانون، ديپلماسى جستارى در روابط ايران و اسرائيل در عصر پهلوى با مرورى بر پيشينه تاريخى يهوديان ايران، چاپ اول، نشر طبرستان، تهران، ١٣٨١، ص ٣٢٦ .

(١٥) جاسم ابراهيم الحيانى، خفايا علاقات ايران اسرائيل و اثرها في احتلال أيران للجزر الأماراتية الثلاث ١٩٦٧-١٩٧٩، الطبعة الأولي، الأوائل للنشر و التوزيع، دمشق، ٢٠٠٧، ص ٣٥ .

(١٦) مرتضى قانون، منبع پيشين، صص ٣١٣-٣١٥ .

(١٧) محمد سالم احمد الكواز، العلاقات الإيرانية الإسرائيلية ١٩٤٨-١٩٧٩، مركز الدراسات الإقليمية، جامعة الموصل، ٢٠١٣، ص ٣٦٠ ؛ رضا زارع، روابط امنيتى- اطلاعات ايران و اسرائيل، تاريخ معاصر ايران،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تهران، سال نهم، شماره (٣٣)، ١٣٨٤، ص ٦٦ ؛ شحادة موسى، علاقات اسرائيل مع دول العالم ١٩٦٧-١٩٧٠، ص ٣٧٦ .

(١٨) مرتضى قانون، منبع پيشين، ص ٢٩١ .

(١٩) عبدالغني عبدالكريم، من ملامح العلاقات الإيرانية الإسرائيلية المعلنة في الشرق الأوسط، مطبعة السلام للنشر، بغداد، ١٩٧٠، ص ١٠ .

(٢٠) على اكبر ولايتى، المصدر السابق، ص ٤٢٦ .

(٢١) مأمون كيوان، اليهود في ايران، بيسان للنشر و التوزيع والاعلام، الطبعة الأولى، أيار ٢٠٠٠، صص ٥٤-٥٦ ؛ عبدالغني عبدالكريم، المصدر السابق، ص ١١-١٢ .

(٢٢) سراب حميد عبودي، العلاقات الإيرانية – الإسرائيلية، مجلة الخليج العربي، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، العدد (١)، ١٩٨٣، ص ١٣٠ ؛ جاسم ابراهيم الحيانى، التغلغل اسرائيلى فى ايران ...، ص ١٠٤.

(٢٣) عبدالغني عبدالكريم، المصدر السابق، ص ١٠ ؛ شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٨٠ .

(٢٤) جاسم ابراهيم الحيانى، خفايا علاقات ايران اسرائيل ...، ص ٣٥ ؛ محمد سالم احمد الكواز، المصدر السابق، ص ٣٦٠ ؛ احمد گل محمدى، روابط ايران و اسرائيل به روايت اسناد نخست وزيرى (١٣٢٧-٥٧)، فصلنامه پژوهش حقوق عمومى، دوره٤، شماره ٦، ١٣٩٩، ص ٩٨ .

(٢٥) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی شۆڕشی کورد لەو ماوەیەدا و بەدەرخستنی ڕۆڵی ئیسرائیل و ئێران لە ساڵی ١٩٦٥ بڕوانە: مرتضى قانون، منبع پيشين، ص ٣٠٤ ؛ سراب حميد عبودي، المصدر السابق، ص ١٣٠ ؛ جاسم ابراهيم الحيانى، التغلغل اسرائيلى فى ايران ...، ص ١٠٤ ؛

**Trita parsi, Op. Cit, p. 53.**

(٢٦) وحيد آرائى و شعبان نجف پور، تحليلى بر روابط ايران و رژيم صهيونيستى در دوره پهلوى؛ توازن يا وابستگى، فصلنامه تاريخ روابط خارجى، تهران، سال چهاردهم، شماره (٥٦)، ١٣٩٢، ص ١٣١ ؛ مرتضى قانون، منبع پيشين، ص ٣١٥ .

(27) **Geneal CIA Records, CIA-RDP85T00875R001700070006-7, 2005/07/12; Sohrab Sobhani, Op. Cit, p. 50-51;**

مرتضى قانون، منبع پيشين، ص ٣١٥ .

(٢٨) شموئيل سيجف، المصدر السابق، ص ١٠٨ ؛ احمد گل محمدى، منبع پيشين، ص ٩٧ .

(٢٩) شموئيل سيجف، المصدر السابق، ص ١٠٨ .

(30) **Sohrab Sobhani, Op. Cit, p. 52;**

جيمز ا. بيل، شير و عقاب روابط بدفر جام ايران و امريكا، ترجمه : فروزنده برليان (جهانشاهى)، چاپ اول، نشر فاخته، تهران، ١٣٧١، ص ٢٣٩ ؛ مرتضى قانون، منبع پيشين، ص ٣١٥ .

(٣١) على اكبر ولايتى، المصدر السابق، ص ٤٣٠ .

(٣٢) شحادة موسى، المصدر السابق، صص ٣٧٥ ، ٣٨٠ .

(٣٣) المصدر نفسة، ص ٣٧٥ .

(٣٤) جاسم ابراهيم الحيانى، التغلغل اسرائيلى فى ايران ...، ص ٩٨ .

(٣٥) احمد گل محمدى، منبع پيشين، ص ٩٨ .

(٣٦) همان، ص ٩٩-١٠٠ ؛ حسين امين، روابط ايران و اسرائيل، نشر.حافظ، شماره دوهم، ارديبشت ١٣٨٣، ص ٧١ ؛ محمد عبد الرحمن يونس العبيدي، موقف إيران من اتفاقيات التطبيع العربية – الإسرائيلية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، السنة ١٨، العدد (٦٢)، تشرين الاول ٢٠٢٤، ص ١٤ .

(٣٧) محمد عبد الرحمن يونس العبيدي، المصدر السابق، ص ١٤ .

(38) **Yahya Armajani, Middle East past and present, (London -1970), p. 402-403;**

جاسم ابراهيم الحيانى، خفايا علاقات ايران اسرائيل ...، ص ٣٦ ؛ احمد گل محمدى، منبع پيشين، ص ١٠٠ .

(39) **Shahrams Chubin and Sepehr Zabih, The Foreign Relations of Iran, (University of California Pess, 1974), p. 163;**

احمد گل محمدى، منبع پيشين، ص ١٠٠ .



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

(٤٠) مرتضى قانون، منبع پيشين، ص ٣٣٠-٣٣١ ؛ جاسم ابراهيم الحيانى، التغلغل اسرائيلى فى ايران ...، ص ٩١ .

(٤١) جاسم ابراهيم الحيانى، خفايا علاقات ايران اسرائيل ...، ص ٣٧ .

(42) **Edward A. Bayne, Persian Kingship in Transition (New York, 1968), p. 31;**
ياسين عەزەم، ئێران و ئیسرائیل لە دوو دەوڵەتی هاوپەیمانیەوە بۆ دوو دژبەر، ئێراناسی، سلێمانی، ژمارە (١٣) ساڵی چوارەم، كانوونی یەكەمی ٢٠٢٤، ل ٦٣-٦٤ .

(43) **Edward Luttwak and Dan Horowitz, The Israeli Army, (London,1975), P.66;**
الثورة، العدد (٤٣٣)، ٢٢ كانون الاول ١٩٦٧ .

(٤٤) احمد عبد الكريم، الصحافة الإيرانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٢، ص ٣٢ ؛ الجمهورية، العدد (٧٣١٠)، ١ تشرين الاول ١٩٦٩، القاهره .

(٤٥) موسى الموسوي، ايران في ربع قرن، بيروت، ١٩٧٢، ص ١٣٥-١٣٦ .

(46) **Geneal CIA Records, CIA-RDP79T00865A002600100001-3, 2002/01/30;**
حسن البدري، الحرب في ارض السلام، دار الوطن العربي، القاهرة، ١٩٧٦، ص ١٦٢ ؛ شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٧ .

(47) **Geneal CIA Records, CIA-RDP85T00353R000100170008-0, 2003/04/01;**
الثورة، العدد (٤٤١)، ٣٠ /١٢/١٩٧٠، بغداد ؛ حسين امين، منبع پيشين، ص ٧١ ؛ شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٦ .

(٤٨) عائشة راتب، العلاقات الدولية العربية، د.ط ، دار النهضة، القاهرة، ١٩٦٨، صص ٢٧٣-٢٨٩ .

(٤٩) رشا عبد الصمد اسماعيل، الموقف الرسمي والشعبي الإيراني من الصراع العربي - الإسرائيلي ١٩٤٧ - ١٩٧٣، مجلة الدراسات التربوية والعلمية، كلية التربية، الجامعة العراقية (تكريت)، العدد الحادي والعشرون، المجلد الخامس، حزيران ٢٠٢٣، ص ٢٥٤ ؛ شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٧ .

(٥٠) سەبارەت بە هۆكارەكانی بڕیاری كشانەوەی بەریتانیا لە كەنداو بڕوانە: اسماعیل عبدالله اسماعیل، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێران (١٩٦٤-١٩٧٤)، تێزی دكتۆرا( بلاونەكراوە)، كۆلێژی ئاداب- زانكۆی سەلاحەدین/ هەولێر، ٢٠٢٤، ل ل ٩١-١٠٤ .

(٥١) شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٦ .

(٥٢) العمل، العدد (٦٥٠٤)، ١٥/٦/١٩٦٧، بيروت .

(53) **R.K. Ramazani, The Gulf Iran's Role, (New York-1979), P.150.**

(٥٤) عائشة راتب، المصدر السابق، صص ٢٧٣-٢٨٩ .

(٥٥) **بڕیاری ژمارە (٢٤٢) ئەنجوومەنی ئاسایش:** ئەم بڕیارە تەنها جەختی لە كشانەوەی ئیسرائیل لەو زەوییانە دەكردەوە كە لە ساڵی ١٩٦٧دا داگیری كردبوون، و ئاماژەی بە مافی گەلی فەڵەستین نەكردبوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لەسەر ئەو خاكەی كە لە ساڵی ١٩٤٨دا داگیر كرابوو. هەروەها ئەم بڕیارە باسی لە مافی گەڕانەوەی ئەو فەڵەستینییانە نەكردبوو كە لە لایەن سەهیۆنییەكانەوە لە زەوی و ماڵ و حاڵی خۆیان دەركرابوون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الجمهورية، العدد (١٦٦٥)، ١١/٦/١٩٧٢، بغداد .

(٥٦) رشا عبد الصمد اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٤ .

(٥٧) گزارش ساليانه وزارت امور خارجه، روابط خارجى ايران در سال ١٣٤٨، چاپ كيهان، تهران، ١٣٤٩، صص ٨٢-٨٣ ، ٢٣٦ ؛ رشا عبد الصمد اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٦ .

(٥٨) شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٧ .

(٥٩) رشا عبد الصمد اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٦ .

(٦٠) حسين امين، منبع پيشين، ص ٧١ .

(٦١) ئەمە ئاماژەیە بۆ هێرشێكی سیاسی و تانەدان لە ڕەسەنایەتی نەتەوەیی ناصر لەو سەردەمەدا.

(٦٢) مشروح مذاكرات مجلس شوراى ملى، دوره بيست و يكم، جلسه ٣٦٤، يكشنبه ١٣٤٦/٣/١٤ .

(63) **William Shawcross, The Shah's Last Ride, (New York-1988), P. 78.**

(64) **Trita Parsi, Op. Cit, p. 31.**

(65) **Ibid, p. 31.**





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(٦٦) **(شێر و خۆری سوور)**: کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٢٢ بە فەرمانی ڕەزا شا دامەزرا، مەبەست لێی دروستکردنی ڕێکخراوێکی نیشتمانی بوو کە هاوتای "خاچی سوور" و "مانگی سوور" بێت لە جیهاندا، ناوی "شێر و خۆر" لە نیشانەی نیشتمانیی ئەوکاتەی ئێرانەوە وەرگیراوە، ئێران توانی لە ساڵی ١٩٢٩ لە کۆنفرانسی جنێف، دانپێدانی نێودەوڵەتی بۆ نیشانەی "شێر و خۆری سوور" بەدەستبهێنێت وەک سێیەم نیشانەی فەرمی لە تەنیشت خاچی سوور و مانگی سوور، ئەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ شکۆی ئێران لە ئاستی جیهانیدا، شا ئەم ڕێکخراوەی بەکارهێنا وەک "قەڵغانی سیاسی" کاتێک لە ژێرەوە هاوکاریی سەربازی و هەواڵگری لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، لە ڕووکاردا بە ناردنی تیمی پزیشکیی "شێر و خۆری سوور" بۆ قاهیرە و عەممان، خۆی وەک دۆستی عەرەب نیشان دەدا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

**Gholam Reza Afkhami, The Life and Times of the Shah (Berkeley, Calif.: University of California Press, 2009), p. 285;**

عباس إسماعيل، العلاقات الإيرانية الإسرائيلية ١٩٤٨-١٩٧٩، الطبعة الاولى، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٢، صص ١٤٢-١٤٥ ، عبدالرضا هوشنگ مهدوى، منبع پيشين، صص ٣٦٢-٣٦٤ .

(٦٧) الثورة، العدد(٤٤٢)، ١٩٦٧/١٢/١٨، بغداد ؛ الاهرام، العدد (٣١١٠)، ١٩٦٧/١٢/١٧، القاهرة ؛ رشا عبد الصمد اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٥ ؛ النهار، العدد (٢١١٥)، ١٩٦٨/٥/٢٠، بيروت ؛ على اكبر هاشمى رفسنجانى، دوران مبارزه ، جلد دوم، بخش اسناد، تهران، ١٣٧٤، ص ١٣٦٣ .

(٦٨) رشا عبد الصمد اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٥ ؛ گزارش ساليانه وزارت امور خارجه، روابط خارجى ايران در سال ١٣٤٨، ص ١٦٤ .

(٦٩) رشا عبد الصمد اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٥-٢٥٦ ؛ ايران مهر، شماره (٤٦٧٣)، (٤٧٨٨)، ١٣٤٨، تهران ؛ شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٧ .

(٧٠) الثورة، العدد (٤٤٣)، ١٩٦٧/١٢/١٩، بغداد ؛ شحادة موسى، المصدر السابق، ص ٣٧٧ .

(٧١) الثورة، العدد (٨٠٦)، ١٩٦٨/١٢/١٧، بغداد .

